به ناوی یەزدانی مەزن

بابەت

# زەردەشتی کورد و خوێندنەوەیەکی فەلسەفی -- مێژوویی

تۆژینەوە و نووسین:


جەلال حاجی زادە





**ZARATHUSTRA**

**پندار نیك**



«ئەز لە ئایینی مەزدیسنا ڕێز دەگرم کە فرێدەری ئامرازی جەنگ و دژ بەشەڕ و خوێنڕێژییە.»
(یەسنا-هاتی ١٢-خاڵی ٩). ""ئەشو زەردەشت""

## پێشەکی:

مێژووی مرۆڤ تەنیا شرۆڤەی شەڕ و خوێنڕێژی و پێکدادان نییە، بەڵکوو ئایین و ڕێبازی ژیان و کردەوەی بە کەڵک و ئەندێشەی بەرزیشی تیاداهاتۆتەگەڕ و بە ڕوونی وەبەر چاو دێت، بە شێوەیەک کە چرای ڕێی مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە قۆناغەکانی دیکەی ئینسان دەژمێردرێت.

بەبێدڕدۆنگی یەکێک لە قۆناغەکانی گونجاو و پڕبایەخی مێژووی ژیانی مرۆڤ، سەردەمی ئەشوو(١) زەردەشت بەدی دەکرێت. دیارە لەبارەی هەر کەسایەتی کۆن و شوێندانەر، چۆنێتی وچەندایەتی ژیان، بیروبۆچوون و دەسکەوتەکانی، قسەی زۆر لەسەر دەکرێت کە زۆربەی کات، توێژەرەکان بە هۆی ئەوەیکە بەڵگەیەکی شاز و ڕێک و پێکیان لە دەسدا نی‌یە، لە دەرئەنجامی لێکۆڵینە ەوەکانیاندا ڕێگەلی جۆراوجۆر دەبڕن؛ واتە، هەر یەکە، بە پێی توانای بڕینی هزری و ڕۆچوون بە دەقەکان و بۆچوون و فامی خۆی، گریمانە ە و لێکدانە ەوەی جیاواز، تەنانە ەت دژ بە یەک، دێننە ە ئاراوە، هەر بۆیەش تاکوو ئێستە، نە ەتوانراوە، بڕیارێکی پەسندکراوی گشتی لەم بارەوە بدرێت.

هەرچەند پێموایە خوێنە ەرانی ئەو بابەتە لەو ڕادەربڕینە ە لەگەڵمدان کە پشکنین و قسەکردن لەسەر ئایینێکی کۆن، گرێدراو بەوەش ڕۆچوون بەبنج و بناوانی ئایینێکی ئاوا دێرین، گەلێک چەتوون و دژوارە و لە هەمان حاڵیشدا زۆر گرینگە. ناشاردرێتەوە بەدرێژایی مێژوو زۆر شتی کاڵ و کرچ و ناڕاستیان پێوە دەلکێندرێت، بە جۆرێک کە لەکەودان و لێک هەڵاواردنی ڕاست لەناڕاست، نامومکین دەکات. دیارە ئەوەیش پێویستی و پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە شارەزایی و بەڵەدییەکی گەورەی زانستانە ەوە هەیە.

بێشک، یەکێک لەو کەسایەتیە کۆن و مەزنانە ە، زەردەشت یا خود ئایینی زەردەشتی بە حیسێب دێت، هەر ئەو کەسایەتیە کە بە گۆڤانی مێژوو، وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ناخی بەسەرهاتەکانی مرۆڤ و پێکهاتە مێژوویەکان دەدرەوشێتەوە و ڕەهەندی ڕزگاری و بەختەوەری مرۆڤی لە پێناوی دینی زەردەشت دە ستەبەر کردووە.

پڕ ئاشکرایە، هێشتا بە شێوەیەکی پوخت و هەمەلایەنە ە و دوور لە دەمارگیری، دەربارەی سەردەم و زێدی لەدایکبوون و ڕا و بۆچوونە ەکانی زەردەشت نە ەکۆڵدراوەتەوە، هەر چەندە توێژینە ەوەیەکی زۆر و بەربڵاو، لە لایەن تاقمێکی بەرچاوی زانایان و مێژووناسەکان لەمەڕ ئەو کەسایەتیە کراوە و گەلێک شت شیکراونە ەتەوە، بەڵام مەخابن زۆربەیان بوونە ەتە کۆسپ و تەگەرەیەک لەسەر ڕێگەی دروستناسی و شیکردنە ەوەی ڕاستەقینە ە؛ هەر بۆیەش زۆربەی کات ئەوەیان بە کەسایەتیەکی هەرەدێرین و هەندێک جاریش، ئەفسانە ەیی! ؟ لە قەڵەم داوە.

ئەگەرچی، تەنیا بەڵگەی متمانە ەپێکراو بۆ توێژەرەکان، دەربارەی ئایینی زەردەشت، شوێنی ژیان و لەدایکبوون، هەروەها زمان و بیروبۆچوونە ەکانی ئەو پیاوە مەزنە ە، ئاڤێستایە، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەیە کە نامیلکەی ئاڤێستا، خۆی لە خۆیدا هەڵگری هەندێک قسە و پێداچوونە ەوەیە و بە تەواویی ناوەڕۆکی ئەم پەڕتووکە نە ەسەلمێندراوە، لەگەڵ ئەوەش سوننە ەت و کردار، وتار و باوەڕی زەردەشتیەکان لە ڕوونکردنە ەوەی هێندێک لایەن و بەشەکانی ئایینی زەردەشت دەورگێڕن. لە ساکارترین پێناسەدا دەتوانین بڵێین، زەردەشت، پەیامبەر و فەیلەسووفی گەورەی کورد، یەکێ لە ناودارترین هەڵکەوتەکانی زانایانی جیهانە ە.

## مێژووی لەدایکبوونی ئەشوو زەردەشت

گەلێک راوبۆچوون دەربارەی سەردەمی مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت، لە ئارا دایە؛ داتوانرێت بگوترێ کە تاوەکوو ئێستە بە تەواوی ساغ نە ەبۆتەوە.

ورد بوونە ەوە لەسەر بەرهەمی تۆژەرەکان و پسپۆڕان، ئێمە دەباتە سەرئەو باوەڕە کە، لە مێژوودا سێ زەردەشت سەریان هەڵداوە، بەڵام ئەوەیکە مەبەستی ئەو بابەتەیە و لە هەموویان رونترە، هەمان زەردەشتی سێهەم واتە زەردەشتی کوردە، کە لە ناوچەی رۆژئاوای ئێران« گۆلی ورمێ » و لە بنە ەماڵەیەکی ( ماد )ی پێی ناوەتە مەیدانی ژیان.

مامۆستا مەردووخ لەناو پەرتووکە بەنرخەکەیدا «مێژووی کورد و کوردستان »دەنووسێت: ((زەردەشتی سێهەم هەر ئەو زەردەشتەیە کە، بەرکۆشە چەرسەکەی کاوەی ئاسنگەری کردۆتە ئاڵا و تا سەردەمی ئیسلام ماوەتەوە. )) جیاوازی و دژایەتیەکی بەرچاو لە نێوان پسپۆڕەکانی ئایینی زەردەشتیدا لەمەڕ مێژووی لەدایکبوون و کۆچێ دوایی زەردەشت هەیە کە لێك نزیككردنیان لەیەك ناموومكینە.؛ دوورترین کات کە بۆ زەردەشتیان داناوە؛ هەزارەی هەشتەمی پێش زایین و نزیکترینیشیان سەدەی شەشەمی پێش زایینە ە.

( ئادونۆس ) و ( ئەرەستوو ) لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە، زەردەشت شەش هەزار ساڵ پێش ئەفلاتون، واتا ( ٨٣٦٥ ) ساڵ لەمەوبەر ژیاوە. هەوەڵین مێژوو نووسی یۆنانی، خسانتووس دەڵێت: « سەرەدەمی زەردەشت، ( ٦٠٠٠ ) ساڵ پێش پەلاماری خەشایارشا بووە. ». **( هێرمودورس ) کاتی لەدایکبوونی زەردەشت، پێنج هەزار ساڵ بەر لە شەڕی بەناوبانگی یۆنان و ترۆیا، دادەنێت.** (مێری بوییس )، ( ١٧٠٠ – ١٥٠٠ ) ی پێش زایین بە راست دەزانێت، **( هومباخ ) دەڵێت:« بە پێی هەندێک بەڵگە لێکدانە ەوە، رەنگە ( ١٠٠٠ )ی پێش لەدایکبوونی عیسا راستتر بێت.»**

بەو زانایانە ە دەتوانین ئەوانە ەیشی پێوە زیاد بکەین کە هەر یەکە خاوەن رایەکی تایبەتین.

مایبر، زندووک وە شدر ( کۆتایی هەزارەی دووهەم و سەرەتای هەزارەی ئەوەڵی پ.ز )، بارتولومە ( نزیکەی ٩٠٠ پ.ز )، کلیما( ٧٨٤ – ٧٠٧ پ.ز )، شپێستەر ( ٧٢١٩ی پ.ز )، ئەگرانووسی یۆنانی ( ٥٠٠ی پ.ز )، دیوژنوس لوتریوس ( ٢١٠ پ.ز )، تئۆپۆمپوس ( ٤٠٠ پ.ز )، میر، مێژووناسی ئورووپایی ( ٩٧٠ پ.ز )، ژان وارن ( ٦٤٠ – ٥٨٢ پ.ز )، هرتسفێڵد ( ٥٢٢ پ.ز )، گزانتوس ( ١٠٨٠ پ.ز )، مێستر جاکسن ( نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پ.ز )، ئولمستدی ئامریکایی ( نیوەی سەدەی شەشەمی پ.ز )، برسند، زانای هاوچاخی ئامریکایی ( ٥٧٠ پ.ز )، پورداود ( ١١٠٠ پ.ز )، بیرونی ( ٢٥٨ ساڵ پێش زاڵ بوونی ئەسکەندەر، واتە ٥٨٨ پ.ز )، مەسعوودی لە پەرتووکی مروە وە جەلزەهەبدا ( مەودای نێوان لەدایکبوونی زرەشت تا سەرکەوتنی ئەسکەندەر ٢٥٨ ساڵ دەزانێت. ) . مامۆستا زەبیح وڵڵای بێهروز لەنوێ ترین بەرهەمی خۆی «تقویم وتاریخ در ایران»دا وای بۆ دەچێت کە،رۆژی یەکەمی هەزارەی دەهەم،بەرانبەر بە دووشەممە،خورداد رۆژی شەشەمی رەشەممە (٢٤٠٠) ساڵ بەر لە دیرۆکی یەزگەردی واتە (٢٧)ی مارسی(١٧٦٨) ی پێش زایینی هاتۆتە بەشارتن.

هەروەک دەبینرێت لەو بارەوە رای جیاواز و تەنانە ەت ناتەباش لە گۆڕ دان کە وەک نموونە ە، بە تاقمێکی زۆر کەم ئیشارەمان کردووە، بە واتایەکی دیکە، هیچ کام لە نووسەران و مێژووزانە ەکان بە تەواوی لەسەر گریمانە ە و بۆچوونە ەکانی یەکتر کۆک نین.

خودی زەردەشتیەکان بە پێی نە ەریت، خورداد رۆژی ( ٦٦٠ )ی پێش زایین واتە رۆژی شەشەمی مانگی فەروەردین ( خاکەلێوە ) یان قەبووڵ کردووە و بۆ کار و باری ئایینی و جێژن و هەڵسوکەوتی پێویست، دەکاری دەکەن.

*زێدی لەدایکبوونی زەردەشت*

هەروەک لەسەر مێژووی لەدایکبوونی زەردەشت، راجیاوازی و ناکۆکی هەیە، لەمەڕ زێد و مەڵبەندی لەدایکبوونیشی بیروڕای جیاواز و تەنانە ەت لەیەک دوور هەن، ئاشکرایە لەوبارەوە زۆر قسە کراوە و گەلێک وتار نووسراوە، بەڵام رایەکی هاوبەش لە لایەن نووسەران و خوازیارانی زەردەشت لە ئارادا نییە. نووسەری بەناوبانگی ئێرانی،پورداوود دەڵێت: «سەبارەت بە زەردەشت و موغەکان لە پەڕتووکی یۆنانیدا زانیاری زۆرە بەڵام ئەو زانیاریانە ە شێواو و تێکەڵاوی ئەفسانە ەن، ئەگەرچی هێندێك لە توێژەرانی وەك، بنونیست ویستوویانە ە ئەو شێواوی و پەشێویە راست کەنە ەوە».( ،بابەتی زەردەشت و رۆژهەڵاتناسەکان،محەممەد ئەحمەدیان، حەفتەنامەی دیدگاە، ژمارەی دەهەم.)

تاقمێک لە مێژووزان و پسپۆڕانی روومی، لەوانە ە، سین لوس، پانودروس، ڤاسیلی نیکیتین و ... وڵاتی بەلخ (ئەفغانستان) بە شوێنی لەدایکبوونی زەردەشت دەزانن. یەک لەوانە ە، کێتزیاس، زەردەشت بەپاشای بەلخ دەزانێت کە لەرۆژهەڵاتی ئێرانهەڵکەوتووە.

دەستەیەکیتر، رۆژهەڵاتی ئێران بە زێدی سەرهەڵدانی زەردەشت دادەنێن. ئینێرگ نووسیویەتی: « نیشتمانی بنە ەڕەتی زەردەشت، خوارەزم بووە و گاتاکان لە شاری (راگا – راغە) نووسراوە».

کۆمەڵێکی بەرچاو لە زانایان و کۆڵەرەکان، رۆژئاوای ئێران یا خود، رۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوچەی لە دایکبوونی زەردەشت دەناسن؛ بۆ نموونە،(بروسووس)ی یۆنانی، بارتولومە، گڵدنێر، جاکسۆن، هرتسفێڵد، دیاکۆنۆف، هێرۆدۆت، هرمت ئاشپیگێل، مێری بوییس، مێڵز، رۆدۆڵف، ئاڵتهیم، ، پورداوود، مستۆوفی و ... لەمەڕ ئەو رایە پێیان داگرتووە. حەمدۆڵڵای مستۆوفی لەپەڕتووکی ( نە ەهزە تولقلووبدا ) ناوی رووباری مردوودەبات کە لە کێوی سەهەندەوە سەرچاوە دەگرێت و لە مەراغە تێدەپەڕێت و پاشان دەڕژێتە گۆلی ورمێ؛ بە واتایەکی دیکە، ناوبراو ئاماژەی بە ناوچەیەک کردووە کە مەڵبەندی زەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستانی گەورە دەناسرێت. بەپێی باوەڕی(بروسووس)ی یۆنانی زەردەشت دامەزرێنە ەری بنە ەماڵەی"ماد"ە و(٢٣)سەدە پێش زایین ژیاوە، زیادلەوەش درێژە بە دوانە ەکەی دەدات و رۆژهەڵاتی ئێران بەزێدی لەدلیکبوونی زەردەشت دەزانێت.(تاریخ و فرهنگ ایران کهن،)

ئاشکرایە، لەمەڕ زێد و لەدایکبوونی زەردەشت لە پەڕتووکی پیرۆزی ئاڤێستا، واتە بەشی دینکرد، کەم تا کورتێک ئاماژەی پێدراوە، هەروەها لە فەرگەردی نۆزدەهەم لەناملکەی (ڤێندیدا)یش لەمەڕ پەیدابوونی زەردەشت و بەرهەڵستکاریەکەی لە هەمبەر ئەهریمەن قسەی لەسەر کراوە، بەڵام کێشەکە لێرەدا دێتە گۆڕێ کە پێویست دەکات ناوەکانی کۆنی ئاڤێستایی و مێژوویی لەگەڵ واقعیەتەکانی ئێستا بەراورد بکرێن و هەڵبسەنگێندرێن؛ کە هەڵبەت هەر یەکە رێگەی خۆی دەگرێتە بەر و لێدوانی خۆی پێشکەش دەکات ! لکاو بە وانەش لەمەڕ ئەو پەیامهێنەرەکوردە، لە ناو دەقی«یەشتەکان»دا ئاماژەی پێدراوە.بەگوێرەی ئەو دەقانە،زەردەشت لەوڵاتی ناسراو بەئەئێرین وەئیجە،لەکەناری چۆمی دائیتی لەناوچەی گەلانی ئێرانی"ماد"،چاوی هەڵێناوە،هەروەها لە(زامیادیەشت)یشدا ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکریتەوە.

هەر وەک ئاماژەی پێدرا، لەمەڕ شوێنی لەدایکبوونی حەزرەتی زەردەشت، چەندین بۆچوونی جیاواز و لەسەر مەرامی جیاجیا لەگۆڕ دان، هەندێک دەڵێن شوێنی لەدایکبوونی یا خود ( رەگە، رەغە، راگە ) گوندێکی، نزیک رووباری هاموونە ە و تاقمێکی دیکە دەبێژن، شیزی مەراغە، جێگەی لەدایکبوونی زەردەشتە، لەم لاشەوە هەنێتر لەسەر ئەو باوەڕەن کە، ( رەگە )ی ئاڤێستایی هەمان شاری رەیی نزیک تارانە ە، بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین کە زێد و مەڵبەندی لەدایکبوونی زەردەشت، لە ناوچەی موکریان و شاری سەردەشتی ئێستایە و هەڵبەت هەروەک لەمەڕ ئەو بۆوچوونانە ەی سەرەوەش بەڵگەیەکی بنجبڕ لە گۆڕ دا نییە، ئێمەش ئەو رایە وەک ئایەیەکی

بێ ئەملا و ئەولا و هەرەدروست ناهێنینە ە بەرباس، بەڵکوو بۆچوون و ئاسەوارەکانی هەنووکەیی و بەراوردکردنیان، ئێمە دەباتە سەر ئەو باوەڕە.

**پرۆفیسۆر محەمەد ئەمین زەکی لەسەرئەو رایە پێی چەقاندووە کە، ئیتر جێی هیچ گومانێک نییە کە زەردەشت لە باکووری نێوچەیەک پێیناوەتە مەیدانی ژیان کە ئەورۆ بە نێوچەیی موکری دەناسرێت، زمانی ئەو نێوچەیەش نزیکترین زاراوەیە لە نووسراوەکانی زەند و ئاڤێستا، واتە دەتوانین بڵێین لەبنە ڕەتدا زاراوەی کوردی موکری. هەڵبەت ئەو بیروڕایە لەلایەن هوارت ( Huwart ) و دارمستتر و تاقمێکی دیکە کاری زۆر لەسەر کراوە، بە جۆرێک کە بە ئەو دەرەنجامە گەیشتوون کە ئاڤێستای زەردەست بەزمانی مادی و کوردیی ئەورۆ ئەنووسراوە. (پرۆفیسۆر محەمەد ئەمین زەکی بەگ- ترجمە،حبیب الله تابان ،کورد و کوردستان).**

راستیەکەی ئەوەیە کە، پرانی خەڵکی دەڤەری سەردەشت بە تێکرایی هەر لە کۆنە ەوە لەسەر ئەو رایە سوورن کە لە لایەکەوە شاری سەردەشت، بە تایبەتی بەشی کۆنی ئەو شارە یا خود نێزەرۆ«ناوی کچی زەردەشت یا خود یەکێ لە سەرداره بەناوبانگەکانی زەردەشت»، هەر لە زەردەشتەوە وەرگیراوە و وشەی سەردەشت بە درێژایی کات بگۆڕ کراوی زەردەشتە، لە لایەکی دیکەشەوە، وڵاتی لەدایکبوونی زەردەشتی پێغەمبەرە؛ دیارە لە رووی زمانە ەوانیشەوە، ئەوە مسۆگەرە کە زۆربەی هەرە زۆری وشەکانی کۆن، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بۆ وێنە ە، وشەی" پەس"ی ئاڤێستایی ، بە ووشەی" پەز"ی هەنووکە گۆڕدراوە، هەروەها گۆڕنکاری و جێگۆڕکەی نێوان پیتی ( ز ) و ( س ) دیاردەیەکی زۆر زەقە، بۆ نموونە ە:

زییو ← سیم، ئەزمان ← ئەسمان، پەز ← پەس

ئەگەر سەردانێکی ناوچەی سەردەشت و گوندەکانی بکەین، بە روونی دەبینین کە ئاسەواری چاخی رۆژپەرەستی و رێزگرتن لە ئاگر و رۆشنایی بە هەر بەرد و شاخ و دەشت و دوندی کێوێکەوە دیارە، زۆربەی هەرە زۆری دێهاتەکانی سەردەشت خاوەن مێژوویەکی چەندین هەرزار ساڵەن، خدە و خووی دێرین و کردەوە و رەوشتی شوێن هەڵگرتوو، هەنووکەش بەزەقی وەبەر چاو دەکەوێت و باوی هەیە ئەگەرچی خەڵك بۆ خۆشیان ئاگاداریەکی ئەوتۆیان بەسەردا نە ەبێت.

ماوەیەک لەمەوبەر، لە شاروچکەی رەبەت ( رەپەت، رەپەتوین، رەپیتوین و ... ) سەر بە شاری سەردەشت و موکریان تەپۆلکەیەک دۆزراوەتەوە کە دەگوترێ پایەتەختی مانایەکان یا خود هەمان موساسیر ( مزازیر ) بە واتای شاری خوای خۆر لە قەڵەم دەدرێت؛ لە رووی ئاسەوارە دۆزراوەکانی ئەو شارە کۆنە رێزگرتن لە رۆژ، رووناکی و ئاگر مسۆگەرە، کە وایە لە باری زانستی مێژووناسی و کۆمەڵناسی و زماننناسیەوە، رەوایە ئەو «گریمانە ەیە» کە زۆر لە راستی نزیکە، دەربڕین کە وێدەچێت، " سەردەشت " زێدی لە دایکبوونی زەردەشتی پێغەمبەر بێت.

بۆ پتەوکردنی ئەو باوەڕە، بە پێویستی دەزانین، زۆر بە کورتی ئەم خاڵانە ە وەبەر چاو بخەین.

١- ئاسەواروشوێنە ەوارە کۆنە ەکان، ئاگرخانە ەکان، زمان و کولتوور، ناوی رووبار و چیا و شاخەکان، ئەشکەفت و دۆڵەکان و هەروەها کۆمەڵێک بۆچوون و داب و نە ەریتی ئەو ناوچەی ئێمە لەو باوەڕە نزیک دەکاتەوە. زنجیرەچیاکانی قەندیل و ئەشکەفت و ئاگرخانە ەکانی ئالان لەم بارەو بێ وێنە ەن،سوێندخواردن بە رۆژ، خۆر و تیشک لەم نێوچەیە شتێکی زۆر ئاساییە.

٢- وێڕای ناوی سەردەشت، ناوی زۆربەی هەرە زۆری گوند و دیمانە ەکانی ئەم شارە نیشاندەری پێوەندیەکی زۆر قووڵ، بە سەردەمی ئەشوو زەردەشت و ئایینی زەردەشتیەوە دەنرخێندرێت.

هۆرمزاوێ ( هۆرمزدگان، هۆر، هەور، مزوگ، مزگت، مزگەوت، ئەهورمەزدا، ئەورمزد، هورمزد )، رەبەت ( رەپیتوین )، مارەغان ( ماڕەگە، مەڕەغە، ماڕگەکان، مرغەکان، مرگەکان و ... )، مەزناوێ ( مەزناوا، مەزن ئاوا و ... )، ئالان ( ئاران، ئارانی)، ئەشکان، ئەسپەمێزە، کاژان، بێشاسپ، هەنداوێ، قەڵاتاسیان، گاکوژان، وەردێ، سنجوێ، زێوە، گڵکەنگ، سڵکتان، پاراستان، دێگە، بریتە، سوستان، وەرگێڵ و...

بەوپێیە قسەیەکی گەزافەمان نە ەکردووە ئەگەر بڵێین: دوور نییە کە وادەدەرکەوێت، سەردەشت هەر ئەو زێد و مەڵبەندی لەدایکبوونی زەردەشت و چۆمی **"کەڵوێ"** ش، هەر ئەو رووباری **"دائیتی"** بێت !

زۆربەی مێژووزان و رۆژهەڵاتناسەکان،لەسەر ئەو باوەرە کۆکن کە ئوشوو زەردەشت لە ساڵی(١٠٨٠) ی زاینیی پێیناوەتە گۆرەپانی ژیانە ەوە. ئەوەش قسەی لەسەر نییە کە گاتاکانی زەردەشت ( بە واتای سروودە پیرۆزەکان) یا خود ئاڤێستا، تایبەتمەندییەکی پتەو و زۆر قووڵی بە ژیانی مرۆڤی ئاریایی و کورد هەبووە، بێگومان ئەو پەرتۆکە پیرۆزە بەزمانی ئاڤێستایی واتە کوردی کۆن نووسراوە. (مینۆرسکی-هێرتسفێلد، پورداوود، دارمستتر و .... لەو باوەرەدابوون).

## وشەی زەردەشت و واتاکەی

وەك گشت دیاردەکانی پێوەندیدار بەوسەردەمە، لەمەڕ واتای زەردەشت تێبینی و رابۆچوونێکی هاوبەش و وێکچوو لە ئارادا نییە.

زەردەشت بناغەداڕێژی بێهدینی ( **بادینی** ) یا خود دینی زەردەشتی لە زاراوەی پەهلەوی و فارسی نوێدا، بە جۆرگەلی جیاواز هاتووە، بە واتایەکیتر هەر کەس و کۆمەڵێک، بە پێی دیالێکتی ناوچەی خۆی، ئەم ووشەیەی کرک کردووە، وەکوو ( زەردەشت، زەرتەشت، زەرتۆشت، زەرتۆشتەر، زەرتۆشترا، زرادەهێشت، زەردتوشت و ... ). ( فرهنگ، واژەهای اوستایی، احسان بهرامی – جلد ٢ – ص ٥٧٨ )

هەروەها لەنێو یۆنانییەکان بە «**زابرتاس**»و«**ئامووسوتس**» ناوی هێنراوە.

تاقمێک دەڵێن: ( زەرتهوشترا ) لە ووشەی ( زەرت ) بە واتای زەرد و ( هوشترا ) بە مانای حوشتر، هاتووە کە کۆی وشەکە، ماناکەی دەبێتە حوشتری زەرد یا خود خاوەنی حوشتری زەرد.

وشەی زەردەشت لە دەقە پیرۆزەکانی ئاڤێستادا، بە چەشنی زەرەتوشترا ( zaratusrta )وەبەرچاو دەکەوێت. دوکتۆر محەممەد جەوادی مەشکوور دەبێژێت ((ناوی زەردەشت لە ئاڤێستادا بە " زەرەتوشترا" بە واتای خاوەن حوشتری زەرد، هاتووە. )) .

**ئازەرگوشەسپ دەنووسێت: (( ئەم ووشەیە پێکهاتووە لە ( ئوش ) بە مانای سووتاندن و( زەرد ) بە واتای زێڕ، کە بە یەکەوە دەبنە ە، رووناکی خوای پڕشنگدار. ))** .

لە لایەن ( هرمودۆس، گیلێر، راوڵینسۆن، ماکس مولێر، هێینتس، بارتولومە، جەلالەددین ئاشتیانی، پورداود و ... گەلێک مانای وەک ئەستێرەناس، ئەستێرەی زێڕین، حوشتری پیر و تووڕە، ستایشکاری بەرز و ... بۆ زەردەشت لێکدراوەتەوە.

بە رای ئێمە، دەستەواژەی ( زەرەتوشترا ) لە دوو ووشەی لێکدراوی ( زەرە - زەرە - زەڕ – زێڕ ) بە واتای زەرد و بریقەدار، وە( توش← تش – تیش – تیشک ) بە واتای بروسکەی نوور و خۆر پێکهاتووە، کە بە سەریەکەوە، واتای تیشکی زێڕینی خۆر، تیرۆژ، زەڕڕاتی پڕشنگداری هەتاوی، لێ دەبێتەوە.

روونە ە، ماک و چاوگی هەر دوو واژەکە، واتە، ( زەر ) و ( توش ) بە واتای زێڕ و تیشک لە ئاڤێستادا هەر بەو شێوە و مانایە هاتووە و لە زاراوەی پەهلەویشدا گۆڕانی بەسەردا کەوتووە، سا هەر ئێستاش کوردەکانی باشوور و باکووری کوردستان، هەر بەو جۆرە لە بوێژەی رۆژەڤدا بە کاری دەبەن.

بەچاو خشاندنێک بەسەر لاپەرە نووسراوەکاندا، بۆمان دەردەکەوێ کە نازناوی زەردەشت، سپیتمان یا خود ئەسپیتمان بووە، هەر کاتێ ناوی هێنراوە، ئەم واژەیەش کە ئاڤێستاییە بە دوای ناوی زەردەشت و پاشکۆی ناوەکە هاتووە، بە واتای سپی و رەنگی روونی سپیە، کە ئەمیش واژەیەکی کوردی ئەورۆیە، کە وایە کۆی واژەی زەرتوشترا ئەسپیتمەیە کە واتای تیشکی پڕشنگداری سپی( خۆر ) دەبەخشێت.

## پەرتووکی پیرۆزی ئاڤێستا

ئەشوو زەردەشت، خاوەن نامیلکەیەکی پیرۆزە، کە بە ناوی ئاڤێستا دەناسرێت. ووشەی ئاڤێستا بە واتای کڕنۆش و ستایش، بناغە و کۆڵەکە، پیرۆز و... لێکدراوەتەوە.

ئەو پەڕاوە کە بە زمانی ناسراو بە ئاڤێستایی «مادی یا خود کوردی کۆن»(٤) نووسراوە، لە راستیدا زمانی ئایینی ئاگرخانە ە و مووبەد و موغەکانی مادی بووە، ئەلفووبێیەکی تایبەت بە خۆی هەیە کە زۆربەی کات بە ( دین دە بیرە ) ناودێر دەکرێت. نامیلکەی ئاڤێستا تەنیا کتێبێکە بەزمانی ئاڤێستایی«کوردی کۆن» کە ئێمە لە بیر و باوەڕ و فەرهەنگ و بۆچوونە ەکانی باب و باپیرانمان ئاگادار دەکاتەوە و لەم بارەوە زانیاریمان پێ دەبەخشێ. مەسعوودی لەپەڕتووکی(مروج الزهب)دا دەنووسێت:((نامیلکەی ئاڤێستا لە دوازدە هەزار بەرگدا، بەئاوی زێڕ نووسراوە.)) زیادە لەوەش (محمد جریر طبری) کە لەساڵانی(٣١٠)ی کۆچی وەفاتی کردووە لە ناو کتێبە مێژووییەکەیداا باس لە(١٢) هەزار بەرگ پەرتۆک دەکات کە ئاڤێستای لە سەر نووسراوە. (تاریخ تمدن و فرهنگ ایران کهن- دکتر هوشنگ طالع).

لەراستیدا ئاڤێستا پەراوی مەزداییە و چاوگی هیدایەت و سەرچاوەی زانیارییە، پەیامی چاکەخوازی و چاککردن و راستکردنە ەوەی بنە ەما سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشت لەم پەرتۆکەدا ئاراستەی مرۆڤ کراون.

(رضا مرادی غیاث آبادی) لە پەرتۆکی «ئاڤێستای کۆن»دا ئاوها دەنووسێت: (( ئاڤێستا لە سێ بەش پێکهاتووە. ئاڤێستای کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی پێش زەردەشت.

بەشی دووهەمی ئاڤێستا کە برێتی‌یە لە « گاتاکان، گاهەکان، گاسەکان »، لە راستیدا سرودە بێ خەوشەکانی خودی زەردەشتن کە لە باری زمان و شێوەی نووسین، کۆنترین بەشی ئاڤێستا پێکدێنن.

بەشی سێهەمی ئاڤێستاش، لە باری کاتیەوە، بریتین لە: یەسنە ەکان، یەشتەکان، ڤیسپەرد، ڤێندیداد و وردە ئاڤێستا، کە گشتیان بە ئاڤێستای نوێ لە قەڵەم دەدرێن. )) .

دارمستریش هاودەنگە دەگەڵ ئەو رایە کە ئاڤێستا لە دوو بەشی سەرەکی، واتە ئاڤێستای کۆن ( کە لە پێش ئەشوو زەردەشت نووسراوە ) و ئاڤێستایی سەردەم یا خود نوێ « متأخر »پێکهاتووە.

ئاشکرایە، تاکوو ئێستا، تەمەنی کۆنترین بەشەکانی ئاڤێستا روون نە ەبۆتەوە، گوایە ئاڤێستا لە سەردەمی ساسانیەکاندا (٢١) نە ەسک ( بڕگە و بەش ) بووە کە، یەکەم جار بەخەتی دین دەبیرە، نووسراوەتەوە.

حەسەن پیرنیا دەنووسێت: (( زەردەشت خاوەن دوو پەڕتووکی پیرۆز بووە کە بە ناوەکانی ئاڤێستا و دین کورد ناسراون، ئاڤێستا لەسەر پێستی دوازدەهەزار گامێش نووسراوەتەوە. )) .

بە پێی بەڵگە حاشاهەڵنە ەگرانێکی مێژوویی، ئاڤێستا دوو جار سووتێندراوە؛ جاری یەکەم، دوابەدوای دابڕسکانی ئەسکەندەر و پاش ورگێڕانە ەوەی ئاڤێستا بە زمانی لاتین و گوازتنە ەوەی نووسخەیەک بۆ یۆنان، لە لایەن ئەسکەندەرەوە سوتێنراوە و جاری دووهەم، لە کاتی پەلامار و راوەدوونانی فەرهەنگی و هێرشی سەربازی عەرەبەکان و دوایش مەغولەکان، سوتێندراوە و زۆربەی نە ەستەکانی ئاڤێستا لەبەین چوون. بۆ نموونە ە لە وانە ە دەتوانین ئاماژە بە نە ەسکی پێنجەم و هادوخت نە ەسک ( بیستەمین بەش ) و ... بکەین، کە فەوتاون. (زردشت پیامبر ایران باستان-هاشم رضی)

## ژیان، رەوشت و بۆچوونە ەکانی زەردەشت

بە گوێرەی دەقەکانی ئاڤێستا و نووسراوەی زەردەشتیەکان، زەردەشت لە خێزانێکی دەسەڵاتدار و خاوەن کشت و کاڵ ( بە وتەیەک فەرمانڕەوا ) لە دایکبووە.

زەردەشت فەیلەسووف و پێغەمبەرێکی بە ڕەگەز کوردی، هۆز و کۆمەڵانی ئێرانی، لە وڵاتی مێدیا ( موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ) سەری هەڵداوە و نیشتەجێی گوندی ( ڕەگە )، لە لێواری چۆمی دائینی بووە.

زەردەشتیەکان تاسی و هەشت پشت، ناوی باب و باپیری زەردەشتیان شیکردۆتەوە و بنەچەکەی دەگەڕێتەوەسەر مەنووچێهری پێشدادی کە لە ئاڤێستادا ناوی هێنراوە.

مامۆستا مەردوخ، ناوی نۆ کەس لە بەرەی ئەشو زەردەشت بەو جۆرە دەزانێت: (( زەردەشت، کوڕی پێرسپ، کوڕی کیدا، کوڕی ئاریاک، کوڕی ئاگەند، کوڕی ئاگیر، کوڕی مامیر، کوڕی هەرزیان، کوڕی ئەسپیتمانە ە. )) . (مێژووی کورد و کوردستان،محەممەد مەردۆخی کوردستانی،وەرگێڕانی،محەممەد سەعید)

لە هەندێک بەڵگەیتردا دەگوترێت، ناوی باوکی، پوروشسپە و دایکی دوغزووا و باپیرە گەورەرەی هیچەستپە بووە. یەکێ لە گرینگترین سەرچاوەی پەهلەوی لەمەڕ زەردەشت و شرۆڤەی ژیانی ئەو مەزنە دوو نامیلکەی "دین کورد"و"زات ئەسپەرم" دەنرخێندرێن، هەروەها لەناو دەقەکانی فەرگەردی نۆزدەهەم، لەمەڕ ڕەوشت و ژیان و جیهانبینی زەردەشت، گەلێک شیکاری و لێدوان هاتۆتە ئاراوە.

لە خاڵی ( ٤٦ )ی دینکورددا هاتووە کە (( پێش هەڵبژاردنی زەردەشت لە لایەن ئەهورامەزدا، بۆ پێغەمبەری، ئەو تایبەتمەندی و خسووسیاتەی لێ وەدەر کەوتووە؛ تێڕوانین و ئەندێشەی زەردەشت بەرفراوانتر لە هەموو جیهان بوو؛ گەلێک بەرزتر و باڵاتر لە هەر شتێکی ئەو جیهانە ە، ئاوز و ئەقڵی بووە کە بە یارمەتی ئەو زەینە ە، توانستەی هەڵسەنگاندنی گشت شتێکی هەبووە و شی کردۆتەوە؛ حافزەیەکی بوو کە بە وزەی ئەو، هەموو شتێکی وەردەگرت؛ خاوەن ئاوز و ئەقڵێک بووە کە بە هاریکاری و سوود وەرگرتن لەوی، هەموو مەسەلەیەکی روون دەکردەوە و توانای تەشخیس و لێکدانە ەوەی پێ دەبەخشی؛ تاسەیەکی زۆری بۆ پارێزگاری و پارسایی هەبووە و ... )). ( تاریخ تحلیلی صدر اسلام – انتشارات پیام نور )

بە وتەی نووسینە ە پیرۆزەکانی ئایینی زەردەشتی، لەدایکبوونی زەردەشت هەر لە پێشەوە رایانگەیاندبوو، سێ ڕۆژ بەر لە دایکبوونی، بازنە ەیەک لە نوور، خانووبەرەی پورووشە سپی گرتە بەر، بە شێوەیەک کە خەڵکی گوندی ( راگا ) گومانی برد کە دێیەکە ئاگری تێبەر بووە و کاتێک چوون و بینیان، هیچ جێگەیەک لە گوندەکە ئاگری تێبەر نە ەبووە، بەڵکوو، بڵێسەی روناکی ئاگر، هێمای لەدایکبوونی مرۆڤێکی باشکۆیە. ( وجرکرد دینی – خاڵی ٥ ) .

زەردەشت، کاتی لەدایکبوونی پێدەکەنێ، سەرڕای ئەوە، سروشتیش بە لە دایکبوونی شارمان بووە، لە ناوقەدی ئاگریان هاویشت، بەڵام ئاگر ئەوی نە ەسووتاند. ( وجرکرد دینی – خاڵی ٥ )، لەسەڕ چەقی ڕێی ئاژەڵی وەک، گامێش و ئەسپیان بە جێ هێشت، بەڵام زەردەشتیان لە مردن و هێزەخراپەکان پارازتووە، لەناو کونە ە گورگێکی برسی و بێچوە کوژراوەیان دانا، بەو هیوایە کە لەت و پەت بکرێت، بەڵام بە خۆشییەوە لە لایەن دێڵە گورگەکە پارێزگاری لێکرا، بە بێ گەمی و هیچ ئامرازێک، لە رووباری دائیبتی پەڕیوەتەوە. ( وجرکرد دینی – خاڵی ٥ ).

ئەشو زەردەشت، لە کەلالەی لاوەتیدا « حەوت ساڵەگی تا پازدە ساڵەگی» لە لایەن زانایەکی هزرڤان و گەورەپیاوی ئایینی ئەو کاتە، بە ناوی بورزین، خەریکی فێر بوون و وەرگرتنی بنە ەما سەرەکییەکانی دینی و شێوەی کشت و کاڵ و شێوازی دەرمان کردنی پزیشکی بووە، هەر بۆیەش ئەو بەرزە رەوشتە لە تەمەنی ( ٢٠ ) ساڵەگیدا، بڕیاری دا لە گۆشەیەکی بێقرە خەڵوەت بکات و بیر بکاتەوە، هەر بەو مەبەستەش ماڵیات و خزم و کەسی خۆی بە جێ هێشت، بەو هیوایە کە بۆ رزگارکردنی خەڵکەکەی ڕێگە چارەیەکی بەختەوەری بدۆزێتەوە پەنای بۆ کێو برد.

زەردەشت بە ماوەی دە ساڵ لەگەڵ سروشتی ڤۆهۆمانا، بەرەو ڕێبازی راستەقینە ەی ئەهورامەزدا یا خود ئێزدی باڵا، ڕێنمایی و ڕێنوێنی دەکرێت، بەم شێوە، زەردەشت چەندین

کەڕەت لەگەڵ ئەهوراموزدا و شەش ئەمشاسپەند(٤)، دیدار دەکات و نێوی بنە ەما سەرەکییەکانی چاکە و راستی دەبێت و خۆی بۆ گەڕانە ەوە ورێنوێنی کردنی خەڵک تەیار دەکات ( زاد ئەسپەرم – خاڵی ٧ ) . لە پەڕتووکی گاتاکاندا، ئاوا هاتووە (( ... ئا ئەو جێگەیەی کە هێز و توانام هەیە، [ خەڵک ] رێنوێنی دەکەم، تا دین و ئایینی راستەقینە ە بدۆزنە ەوە. )) ( یەسنا ٢٨ – خاڵی ٤ ) .

پاش دە ساڵ راز و نیاز لەگەڵ ئەهورامەزدا و خەڵوەکێشان، سەرئەنجام لە تەمەنی سی ساڵیدا سروشتی ( وەحی ) بۆ هاتووە و زەردەشت، وەک بەرجەستەترین پەیامهێنە ەری ئەهورامەزدا و پێغەمبەری خەڵکانی ئاریایی بەرەو ئاسۆیەکی روون و راستەقینە ە، بەڵام دژوار، راسپێردرا. بە وردی لە گاهان ئەهوونوور(ahonarada gatha) لە مەڕ چۆنیەتی،راوێژ و وتاری ئەهورامەزدا،ئەهومەن و ئەشە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی زەردەشت بە پێغەمبەری قسە کراوە.

ئەشوو زەردەشت، بە هۆی رێنمایی خەڵک ووتار و ووتەی نوێ و یەکتاپەرستانە و تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەهریمەنیەکان، لە لایەن کەویەکان(٢) ( دەسەڵاتدران ) و کەرپەنە ەکان(٣) ( مامۆستایانی پێشووی ئایینی – کاهنە ەکان ) هەڕەشەی لێ دەکرێت.

کاربەدەستان و مامۆستایانی ئایینی کۆن، بەیەکەوە ئەنجوومەن و دانوستانێکیان پێکهێناو و گشتیان، دەنگیان بە دوور خستنە ەوە و شاربەدەر کردنی زەردەشتدا؛ بۆیەش زەردەشت لە هۆرەکانی«سروودە کانی زەردەشتی کە بە چەشنی حەیرانە و هۆرەن» گاتاکاندا، ئاوها سۆز و کەسەرەی خۆی دەردەبڕێ: (( ... روو لە کام وڵاتە بکەم، بۆ کوێ بچم، بە کێ پەنا بەرم؟، زلهێز و کەللە زلەکان، خۆ لە من دوور دەگرن و لە کەسانیتریش رازی نیم، نە ە لە پێڕەوانی درۆ و دەلەسەش کە کاربەدەستەکانی شارن! چلۆن دەتوانم تۆ لە خۆم رازی و خۆشحاڵ کەم ئەی مەزدا ؟ ... )). (زرتشت،پیامبر ایران باستان،هاشم رضی)

هەر وەک دەڵێن کەس لە شاری خۆی پێغەمبەر نیيە ! زەردەشتیش لە رووی ناچاری و گوێ پێنە ەدانی خەڵک و گوشار و زەختی موغەکان، زێدی خۆی بە جێ دەهێڵێت و بە مەبەستی بەجێهێنانی ئەرکی پێسپێردراوی خۆی روو دەکاتە رۆژهەڵاتی ئێران و دەچێتە لای گشتاسپ شا و بەم جۆرە کۆچی بەسوود و مەزنی خۆی دەسپێدەکات. یەکەم کەس کە باوەڕی بە زەردەشت هێناوە، مادیومای کوڕی مامی بووە. (یەسنا-هاتی٥١-خاصی١٩)

( ... ئەی ئەهورا مەزدا، ئەوەندەم هێز پێ ببەخشە، تا بتوانم هێمنی و ئاسایش دابمەزرێنم، زوڵم و ستەم تێکبڕوخێنم و ... )

زەردەشت بەر لە کۆچی، خەڵک و دوژمنانی ئاگادار دەکاتەوە کە ( ... ئەی ئەو کەسانە ەی کە لە کەلکەلەی ئەوەدان، وەچەی من بنبڕ بکەن، بۆتان نیيە ئاسیوێک لە من بدەن، چۆن پیلان و نە ەیاریتان، بۆ لای خۆتان بەرپرچ دەدرێتەوە ... ).

گشتاسپ کە خۆی لە رەچەڵەک و رەگەزی کوردەکانی کیانی ، یا خود موکریەکانی ئێستا بە ئەژمار دێت، کوڕی لوهراسپ، کوڕی ئەرجان ( ئەروەن شا ) کوڕی ئاپۆ، کوڕی کەیقوبادی کوردە، مامۆستا مەردوخ وا تەنی یەکەم فەرمانڕەوای زنجیرەی کیانیەکانە ەواتە گشتاسپ یا هێشتاسپ، لە بنەماڵەی کەویەکان(کاویانیەکان-kavi)ە.

زەردەشت پەیام ئاوەری بیری باڵا و هزری خاوێن و راستەقینەی قسەی چاك،ئەندێشەی چاك و کردەوەی چاك پاش ئەزموون و کۆمەڵێک کار و کردەوەی سەرسووڕهێنە ەرو وتووێژێکی زۆر، سەرنجی گشتاسپ و وەزیرە بەناوبانگەکەی بە ناوی جاماسپ بۆی لای خۆی رادەکێشێت، گشتاسپ و خێزانە ەکەی، ئایین و ئۆلی پیرۆزی زەردەشت دەسەلمێنن و دان بە راستەقینە ە بوونی دەهێنن، ئەوە بوو بە هۆی پاڵپشتێکی گەورە بۆ گەشە کردن و چەکەرەی ئایینی زەردەشت . (زرتشت،پیامبر ایران باستان،هاشم رضی)

کاتی قەبووڵ کردنی دینی زەردەشت، گشتاسپ ئاوا دەڵێت: (( ئەز بچووکترین و کەمترین بەندەکانم و بۆ فەرمان و ئەمری ئیزەد و خزمەتکردن، قۆڵم هەڵماڵیوە، ئەی زەردەشت، فەرمانی تۆ لەسەر من، وەک فەرمانی یەزدان وایە. )). ( روایات پهلوی – بند ١٣ و ١٩ )
هەر بۆیەش، ئەهورا مەزدا لە ئاڤێستا، خاڵی ( ٣٠ )دا دەفەرموێت : (( ئەی ئوردیبەهەشت ! بەهرە و پاداشت و شادکامی و کردەوەی چاک، بۆ گشتاسپ تەرخان بکە، ئەسپەنتە ئارمە ئیتی، داخوازی و پێداویستیەکانی گشتاسپ وەدی بێنێت و ... )). دیارە ئەهورامەزدا بیری چاک و چاوی دڵ بە گشتاسپ دەبەخشێت وسەبارەت بەو ئاوا دێتە ئاخافتن: (( ئەی کیگشتاسپ، پێویستە تۆ ئەو خیم ( ئاکار و ئەخلاقە باشە ) و دینە ە، کە ئازاری پێگەیشتووە و نزم کراوە، راست بکەیتەوە ( واتە قەبووڵی بکەی و بیسەلمێنی) ... وە ئەو دینە ە کە فەرهەنگی، فەرهەنگەکانە ە پتەو رابگری و رەواجی پێبدەی ... )).
اوستای کهن-رضا مرادی غیاث آبادی)

ئەشو زەردەشت، بە پێی نەریت، سێ جار زەماوەندی کردووە؛ لە هاوسەری هەوەڵی، کوڕێک بە ناوی ئیسەت واسترە وسێ کچ بە ناوەکانی، فرینی، سریتی و پوروچیستا پێیان ناوەتە مەیدانی ژیان. ( یەشتی ١٣ – خاڵی ١٣٩ )
لە خێزانی دووهەمیشی دوو کوڕ بە ناوەکانی ئوروەکەت نە ەرە و هوەزچیترە بە دنیا هاتوون. ( یەشتی ١٢ – خاڵی ٩٨ )
دەگوترێ لە هاوسەری سێهەمی بەرەو وەچەیەکی لێ نە ەبۆتەوە.
ناوداترین و دڵڕەقترین دوژمنی زەردەشت کە ناوی لە ئابان یەشتدا ( یەشتی ٥ – خاڵی ١٠٩ ) هاتووە، ئە رجا سپەی تورانی بووە.
بە پێی دەقەکانی ئاڤێستا و گەواهی نووسراوەکانی زەردەشتی ئەو بەرزەناوە، رۆژی یازدەی ( خۆررۆژ ) مانگی بەفرانبار ( دیماه ) لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا لە حاڵی راز و نیاز لەگەڵ ئەهورامەزدا لە ئاگرخانە ەکەی، بە دەستی، بەرادەروشیی تورانی شەهید کراوە. لەم بارەوە تاقمێك وای بۆ دەچن کە گڵکۆی زەردەشت لەشاری بەلخە ودەستەیەکی تریش دەڵێن لە پارێزگای کرماشانی ئێستایە.
( روایات پهلوی – بند ٢٣ ) و ( زادئەسپەرم – نە ەسکی ٢٥ – خاڵی لە )

## بنە ەما و مۆچیارییەکانی ئایینی زەردەشت

وەخشور ئەشوو زەردەشت بەسینگێکی کراوە و دڵۆڤان،سەبر و لێبوردوویی و زانستێکی بەرفراوان، دینی ئەهورامەزدایی بە دیاری بۆ خەڵک هێناوە و موژدەهێنەری چاکەوراستی بووە، ناوبراو ئاڵوگۆڕێکی بونیادی لە رەوت و شێوەی ژیان و بیر و بۆچوونەکانی ئارياييەکان ، تەنانەت رەگەز و نەتەوەکانی تر پێکهێنا وبەرێنمایی زەردەشت ژیانی کۆچەرایەتی و خێڵەتی بە خێرایی جێگەی خۆی بە شارستانییەت و نیشتەجێیی دا.(تاریخ تمدن و فرهنگ ایران کهن-دکتر هوشنگ طالع)
ئەشو زەردەشت لە گاتاکاندا، بە دوو گەوهەری جووتلانە ە و هاوکات، ئاماژەی کردووە، یەکێکیان چاکەیە و ئەویتریان خراپەیە؛ سپەنتەمینو یا خود ئەندێشەی خاوێن و پیرۆز، ئەنگرە مینو، واتە ئەندێشەی ناحەز و خراپ.
زەردەشت دەبێژێت، لە ناخی جیهان و هەوێنی هەموو شتێک، هەم چاکە و خێر هەیە و هەم خراپە و شەڕ لە گۆڕ دایە، هەم نوور و رووناکی هەیە و هەم تاریکی و شەوزەنگاری، هەم ساغی و تەندروستی لە ئارا دایە و هەم نە ەخۆشی و کەساسی، هەم ئومێد هەیە و هەم نا ئومێدی و سەرگەشتەگی لەگەڕ دایە و ... بەو پێیە مرۆڤ، لە هەڵبژاردنی هەرکام لە وانە ە سەربەستە. تا چاکە و خێڕ هەڵبژێرێت یان بە پێچەوانە ە، خراپە و ناحەزی هەڵبگرێ.

زەردەشت دەپەیڤێ: ئەو شتەی کە بە ئێوەی پێشنیار دەکەم و بانگەوازی بۆ دەکەم، پێویستە بە هزر و بیری خۆتان و چاوی کراوە هەڵی بسەنگێنن، چونکە مرۆڤ لە هەڵبژاردن و بڕوا پێکردن ئازادە و هیچ زەخت و و زۆریەک لە ئارادا نیـیە. زەردەشت ئازادی و سەربەستی وەک سەرپشکبوونێک بۆخەڵک دەزانی.

لە برگەی ( نە ەسکی دینکورد=دینکرد )دا بەم جۆرە دەخوێننە ەوە کە: (( خەڵک لە جیهاندا ئازاد و خاوەن ئیختیارن، سربەستی خەڵک و مرۆڤ بە پێوەری هەڵسەنگاندنی را و داخوازیەکانیان دێتە دی، لە نێوان بوونە ەوەرەکانی‌تری ئەو جیهانە ە[ ئەو ئازادی و ئیختیارە ] لە گۆڕ دا نیـیە ... سەربەستی و سەرپشک بوونی مێگەل، لە هەبوونی ( مافی ) قەبووڵ کردن و قەبووڵ نە ەکردنی گوناح و تاوان دایە. ))

ئاوەدانکردنە ەوەی جیهان، بنیاتنانی ماڵ و خێزان، هەوڵ دان بۆ کشت و کاڵ، دروست کردنی خانووبەرە، دەست هەڵگرتن لە کۆچەری و تالانکاری، پاراستنی جەستە و دەروون، پاراستنی سروشت و ژینگە، داگرتنی حورمەتی گیانلەبەرەکان و ئاژەڵ، دووری لە سێحر و هەڵیتە پەرستی، قۆزتنە ەوەی زانست و پێز و فەزیلەت، خۆ بواردن لە داب و نە ەریتی کوشتن و قوربانی کردن و هەروەها تاقانە ەپەرستی ، خۆهەلاواردن لە چەندایەتی و شیرک و ... لە لایەن زەردەشتی کورد، بانگەشەی بۆ کراوە.

( هاشم رضی ) لە سەر ئەو رایەیە کە، بە پشکنین و تاوتوێ کردنی ئایینە ە کۆنە ەکان، ناتوانین بیر و باوەڕی پاک و راست و دوور لە چەوتیی و هەڵیتەپەرستی وك زەردەشتی بدۆزینە ەوە، لە راستیدا، لە ناوەرۆکی ئەو دینە ە کۆنە ە ( زەردەشتی ) جادوو جەمبەل، درۆ و دەلەسە، دووڕوویی و روالەت بینی، زۆرەملێ و داسەپاندن، سەماع و بادەنۆشی هیچ جێگەیەکی نیـیە.

زەردەشت بناغەی خوڕافات و چەند خودایی هەڵوەشاندەوە، سەرپۆشی جادووگەران و چەوت رەوانی ونجڕ وونجڕکرد، مرۆڤی لە کوت و زنجیر و زوڵم و ستەمی زلهێز و خۆ بە زل زانە ەکانی کاهن و بەگ زادە، ئازاد کرد و تۆقی یەخسیری لە مل مرۆڤی بە سروشت ئازاد، داڕنی.

کۆشش و کار و زەحمەت، لای زەردەشت پلە و بایەخێکی بەرزی هەبوو، شەڕافەت و حورمەتی مرۆڤ گەل لەوەدا بوو کە کۆیلە و ئەستۆ کەچ و دەست بەستووی ئیستیعمار نە ەبێت و خۆی لە ئیستسمار رزگار بکات، ئەندێشە و ئاوەزی خۆی، پێوانە ەی رێنوێنی خۆی بکات و هاوکات سەر بۆ کەوی و کەرپەنە ەکان دانە ەنە ەوێنێ، بە حەقیقەت، لۆمپەنی و سپڵەیی و بێ لایەنی لەو ئایینە ەدا رەوا  نیـیە، خۆشەویستی خاک و وڵات و خاو و خێزان و نە ەتەوە لەم دینە ەدا جەختی لەسەر کراوە.

چاکسازی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی، ئابووری و کشت و کاڵ و زەوین، تەکووزکردنی ساڵنامە و کاتژمێر، لە لایەکەوە لە ناو فەیلەسووفەکانی دیکەی جیهان دەنگی داوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە کاردانە ەوەیەکی بە سوودی لێ کەوتۆتەوە، هاتنە ە دەری زەردەشت لە کوردستان، راپەڕینێک بوو، بۆ چاککردن، گۆڕین و تازەکردنە ەوەی یەکخستنی ئایینی کۆمەڵانی خەڵکی دوای خۆی. تێکدان و دووبارە بنیات نانە ەوەی ئایینێکی بە کەڵک و دروست، لەسەر بنە ەمای بیری چاک، کردەوەی چاک و قسەی چاک لە لایەن زەردەشت کارێکی زۆر بەنرخ و سەرسووڕهێنە ەرە، ئایین و بیر و رای سەردەم بەتایبەت بە رێبەری موغەکان ئەوەندە پیرۆز نیشان درابوو کە دەست بردن بۆ هەر چەشنە چاکسازی و چێ کردنێک بەو رەنگە، تا بۆیەکی زۆر ترسناک بووە. زەردەشت بەردەوام بڕپرسایەتی تاك ۆ کۆمەڵ وەبیر دەخاتەوە زەردەشتی ناوبەدەر بایخ و رێزێکی تایبەت و گرنگی بەفەرهەنگ ئەدا، ئەنجوومەنی فەرهەنگی بەسالاچوانی موغ لە مێژینە ەبوونی ئەم راستییە نیشاندەدات.

**شۆڕشگێڕترین مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوەراست لەماوەی چوار دەیەی رابردوو، واتەعەبدوڵڵا ئۆجالان(ناسراو بە سەرۆک ئاپۆ) لە مەڕ زەردەشت بەم جۆرە دێتە ئاخافتن:**

(یەکێ لەمەزنترین و شارستانیترین گەل، کە توانیبوویان لە ئێران، کۆنفدراسیۆنێکی پتەو و قایم دابمەزرێنن مادەکانن...، مادەکان لەسەر بنچینە ەی ئایدیۆلۆژیایی بەهێزترین مرۆڤی سەردەم ، و لەژێر بنە ەما فیکرییەکان و رێنوێنییەکانی ئەو مەزنە ەپیاوە، واتە زەردەشت، توانییان بناخەی ئەو کۆنفدراسیۆنە ە دابمەزرێنن. ئەو رێبەرە بەهێزە، دەستپێکەری چاکسازییەک بووە کە بەهرەو بەرهەمەکەی دوایی بۆ ئایینە ە جۆراوجۆرەکانی ئێبرڕاهیمی بە یادگار مایەوە. گرنگترین داهێنانی زەردەشت، ناسینی خواست و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ لە قەلەم دەدرێت چونکە زۆر لەمێژ بوو ئینسان لەژێر رکێف و سەیتەرەی سیستمی کۆیلایەتی وەهای بەسەر هاتبوو کە توانستەی ئەوەی نە ەبوو تەنانە ەت خاوەنی نسێی خۆیشی بێت. .... زەردەشت سەروەرێتیی ئوستوورەکانی ریشە داکوتاوی کۆیلایەتی، لەسەر زەین و کردەوەکانی مرۆڤیی ، بەخەبات بانگێشت کرد. لەو رووەوە ئەو (وەک سەمبوولی نائارياییەکان) لە ئیبرڕاهیم (وەکوو نیشانە ە و سەمبوولی سامی رەگەزەکان) شۆڕشگێڕتر و رادیکاڵتر بووە.

رۆڵی زەردەشت لەباری ئاینە ەکانی تاکپەرستی، هەربەو شێوە کەم رەنگتر و لاوازتر لە ئیبرڕاهیم نییە.... بێگومان زەردەشت بەهێزترین سەمبوول و ئاوێنە ەی چاکسازی و شۆڕشگێڕی بو حیسێب دێت.))

**(از دولت کاهنی سومر بەسوی تمدن دمکراتیک - عبدالله اوجالان- ل۷۲۳).**

تێڕوانینێکی سەر پێی دەمانباتە سەر ئەو باوەڕە کە پرە نسیپەکانی زەردەشتی، ئایینێکی زۆر لەمەل ( ئیجباری ) نی‌یە، مرۆڤ بە پێی بیروبۆچوون و رادەی دەرک و تێگەیشتنی خۆی، وەری دەگرێ یا بە دەستەواژەیەکی دیکە ئایینێك نی‌یە کە بە زۆری بەسەریاندا بسەپێت و بە زەبری شمشیر و زەختی هەڕەشە بترنجێت.

باوەڕ کردن و بڕوا پێدان بە دوو هێزی بنە ەڕەتی، واتە، ئەهورامەزدا و ئەهریمەن،گرێدراو بە وەش هەڵبژاردن و هەڵوەژاردن بە پێواری پەیڤی چاک، کردەوەی چاک و رامانی چاک لە بنە ەما سەرەکییەکانی دینی زەردەشتە و دوو پایەی گرنگ و سەرەکین بۆ تێگەیشتن لە زەردەشت و لێکدانەوەی و دەرهێنان و هەڵگۆزینی مانا و واتا ئاڤێستای یەکان چونکە رەچاو کردنی ئەم دوو خاڵە گرنگە ئەمانپارێزێ لەوەی کە رێگەی چەوت و هەڵە بگرینە ە بەر و رێ ون کەین.



بە واتايەک، بەردی بناغەی ئايينی زەردەشت لە سەر سێ تەوەرو بنکەی سەرەکی ، بيری چاک ( هۆمەتە )، کردەوەی چاک ( هوەرشستە ) و قسەی چاک ( هۆختە )، وە هەروەها دان پێداهێنان بە دوو هێزی ئەساسی و لە هەمان کاتيشدا دژ بە يەک، يانی وزە و خودای رووناکی و چاکە و ئەندێشەی خراپ و ئەهريمەنی مرۆڤ، دامەزراوە. بە پێی وتەی زانايان، ئەو سێ دەستەواژە پڕمانا و پڕشنگدارە کە لە لايەن زەردەشتەوە، تۆمار کراون، بە درێژايی مێژوو، کارتێکردنێکی قووڵی لەسەر ئايين و ئايدۆلۆژييەکانیتر بەجێهێشتووە. ئەم دوو خاڵانە ەی نێو ئاڤێستا رێنوێنيمان دەکات بۆ دۆزينە ەوەی نێوەرۆك و ئامانج و مەبەستە بەرزەکانی کە پێويستە لەمانا و واتاکانی ورد بينە ەوە و لە نێوەرۆکەکەی تێبگەين.

يەکێك لە نيشانە ەکانی زەردەشتی و ديارەدەی بلوغی مناڵی زەردەشتی، پشتێندی پيرۆزە. پارچەيەکی سپی کە گشت ژنان و پياوان سێ جار لە قەدی پشتييان دەبەستن و سێ گرێ (ئەڵقە) ی لێدەدەن، ئەو نە ەريتە هێشتاش لە ناو کوردەکاندا باوە و دياردەيەکی نە ەتەوەيی دەناسرێت. زەردەشتييەکان رۆژ و شەو، پێنج جار نوێژيان لەسەر فەرز بووە، کە هەرکام لەو نوێژانە ە بە ناوی ئەمشاسپەندێک ( ئێزد و فريشتەی ئەهورامەزدايی ) دەناسرێن کە بريتين لە:

کاتی بەيانی ( هاوەن )، نيوەڕۆ ( رەپيتوەن )، ئێوارە ( ئائيرەی سروترەم )، نوێژی شێوان (ئاشمەن).

نوێژ لە بۆچوونی زەردەشتيەکاندا، برێتی بووە لە بەجێهێنانی ئەرکی سەرشان، لە هەمبەر ئەهورامەزدا و بە مەبەستی سپاسگوزاری و ستايش، نوێژ چەکێکە بۆ بەرهەڵستکاری بەرامبەر بە خراپە و رێنمايی بە رێبازگەی، قسەی چاک، کردەوەی چاک و بيری چاک لێکدەدرێتەوە.

«... هەر ئێستا، لەحاڵێکدا کە دەستم [بۆ بارەگەی تۆ] بەرز کردۆتەوە، دەخوازم نوێژکەری تۆ بم و ئەتۆ بەرەوتی"ئەشە" و کردەوەی چاک"وەهومەنە ە" ستايش بکەم.»(گاتاکان-هاتی ١- خاڵی٢٨).

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەيە کە قيبلە و جێگايەکی تايبەتی و دياريکراويان نە ەبووە و مەرجيش نیيە کە روو لە جێگەيەکی تايبەتی بکرێت، هەر کەس بۆی هەيە، روو لە جێگەيەکی رووناک وەک ئاگر، خۆر، مانگ و ... بکات و لەگەڵ ئەهورامەزدا بپەيڤێ.

رۆژوو لە ئايين زەردەشتی حەرام و قەدەغە بووە، مرۆڤ بۆی نە ەبووە کە جەستە و رەوانی خۆی ئازار بدات، هۆی ئەوەش خۆی لە خۆيدا هەڵگری ئيدە و فەلسەفەيەکی قووڵ و تايبەتە کە لەم بابەتەدا ناگونجێت، بەڵام هۆکارێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرە نسيپەکە، ئينسان پێويستە هەموو کات لە بيری پارازتنی تەندروستی جەستە و هێمنايەتی دەروونی خۆيدا بێت، ناشێ بە بەرگریکردن لە خواردن، ئاستەنگ و چەرمسەری بۆ ئەندامەکانی پێک بێنێت، پێويستە حەقی تەواوی ئەندامەکانی خۆی وەک خۆی بدات.

دارمستتر لە پەڕتووکی ( مجموعە قوانين زردشت- ترجمە ی موسی جوان ) دا نووسيويەتی کە ((هەر کەسێک، رۆژوو بگرێت، لە دنيايەکیتر بە توندترين تاوانێک کە لەم جيهانە ە هەيە، سزا دەرێت، بەو پێيە کە لە بڵنداييەک کە سەت شەقاوی مرۆڤە، فرێدەدرێتە خوارەوە و ... يان لەوە خراپتری بەسەر دەهێنرێت. )) ( ڤەنديدات – خاڵی ٤٨ تا ٥٤ ).

دياره لە مەڕ دياردەی رۆژووگرتن و بەرگری کردن لە خواردن و ئەنجامی شتوومەکی پێويست، هۆکاری ديکەش دەورگێڕن و هەڵبەت رای ديکەش لە گۆڕدان.

تاقمێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە رۆژووگرتن لەم ئايينە ەدا هەبووە، بەڵام نە ە بەو شێوازەی کە لە ناو ئايينە ەکانی سامی و عەڕەبەکاندا باون.

دادگەری و دادپەروەری لەو ئایینە ەدا پلە و پایەیەکی بەرزی هەیە. دادگەری نە ەک بە تەنیا لەسەر مرۆڤ بەڵکوو لە بارەی گیانلەبەرەکانیشەوە پیادە دەکرێت. ( یەسنی ۲۹ )
هەروەک ( دوشن گیمان ) گوتوویەتی: (( خوای زەردەشت خوای دادپەروەرییە )). بۆیەش بە باوەڕی زەردەشت بەختەوەریی بە بێ دادپەروەری قەتاوقەت نایەتە دی. (ناتوند و تیژی- جەهانبەگلوو- ل-٦١)
بە پێچەوانە ەی ئایینە ەکانی سامی، هەر تاکە کەسێک لە قەبووڵ کردن و وە ئەستۆ نە ەگرتنی داب و نە ەریتی دینی زەردەشتی سەربەست و خاوەن ئیرادەیە؛ لە لایەکەوە، کەسێکی نازەردەشتی و نائێرانی ( نائێرانی بە واتای نامۆ ) بۆی نە ەبووە، بێتە سەر ئایینی زەردەشت و لە هەمان کاتیشدا کەسێکی زەردەشتی و ئارییایی بە بێ هیچ مەترسی و دڵڕاوکەیەک، دەیتوانی بچێتە سەر دینێکی نامۆ، بە بێ ئەوەیکە بە زەندیک و لەدین دەرچوو یا خود مورتەد لە قەڵەم بدرێت و رژتنی خوێنی حەڵاڵ، بگرە واجبیش بکرێت. !
لە روانگەی زەردەشت ئەهورامەزدا زاتێکی تۆقێنەر و توڕەوتۆڵەسێنەر نی یە،بەڵکوو سەراسەر رەحمەت وبەخشێنەرە. بە پێی پرەنسیپی ئیختیار،مرۆڤ لە هەڵبژاردنی رێگەی راست وە یان چەوت سەرپشک و بەرپرسیارە.نیگای زەردەشت بە مرۆڤ لە رەچنەیەکی نوێ خۆی دەنوێنێت.ئینسان بەهۆی هزر و زانایی خۆی لەبابەت کردارو کردەوەی خۆی جوابگۆیە ،لەو ئایینەدا،تەقدیر و لەوحێکی بزر کراوە، کەهەر لە سەر تاوە گشت شتێک دیار بکات و خەت کێشی کردبێت و تێیدا بگونجابێت لە گۆڕ دا نی یە، بە پێەچەوانە، چارەنووس و سەرئەنجامی هەموو شتێک لە دەست و هزری خۆیدا دەنووسرێت واتە مرۆڤ نووسەری خۆیەتی،مرۆڤ برێتی لەو ئادەمە، تووک و دووعا لێکراو و تاوانبارە نی یە کە بە هۆیەوە بەر لە بە دنیا هاتنی هەر لە ئەزەلەوە گوناحکار و نێوچاوان رەش بناسرێت، بەڵکوو مرۆڤێکی باوەڕ پێکراو و بێ خەل و خەوشە کە دوارۆژ و داهاتووی خۆی بە دەست و کردەوەی خۆی بە رەچاوکردنی سێ پایەی سەرەکی ئایینی زەردەشت دانەبەر و دابین دەکات. بێگومان ئەوەش هۆکاری ئەقڵی و فەلسەفەی نێوەرۆکداری تایبەتی خۆی لەپشتە.
پێشوازی لە ئاشتی و تەمەدوون، دادپەروەری، بایخ دان بە مافی مرۆڤ و بوونە ەوەر و ژینگە، کردەوە و کارکەری پراگماتیکانە ەی بەرچاو و بە کەڵک، لە تایبەتمەندیەکانی ئۆلی دانسقەی زەردەشت دێنە ە ئەژمار.
جەهانبەگلوو لە پەڕتووکی ناتوندوتیژی ( عدم خشونت ) لاپەڕەی ( ٦٢ )دا دەنووسێت: (( ... دەتوانین ئەم ئایینە ە بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی هزری دادپەروەری و ناتوندوتیژی لە قەڵەم بدەین، لەگەڵ ئەوەیکە، حەزرەتی زەردەشت پێغەمبەری چاکسا زی و کردەوەیە، نە ەک پێغەمبەری چاوپۆشین و راوەستان، لە هەموو روویەکەوە ئەو پێغەمبەری ئاشتی و ئومێدە. ))
بە هەندێک راوەستان لە سەر گاتاکان، بۆمان وەدەردەکەوێ کە لە جێجێی ئەم پەڕتووکە بێوێنە ەدا، ئەهورامەزدا بەردەوام بێزاری خۆی لە توندوتیژی، شەڕ و تاڵانکەری و هەروەها پەرەپێدانی زۆرەملێ دەردەبڕێت و رادەگەیەنێت کە ئەو دینە ە ئایینی تێفکرین و بیرکردنە ەوەیە .
«ئەز لە ئایینی مەزدیسنا رێز دەگرم کە فڕێدەری ئامرازی جەنگ و دژ بەشەڕ و خوێنڕێژێیە.»(یەسنا-هاتی ۱۲-خاڵی ۹)
«ئێمە ئاشتی و هێمنایەتی و تەندرووستی ستایش دەکەین کە شەڕ و پێکدادان تێکدەریەتی.»(سەرووش یەشت-هادۆخت-خاڵی ۱۰)
سەرنج و تێرامانێك لەسەر ئەو ئایینە ئێمە بەگەلێك راستی و حەقیقەت رێنوێنی دەکات، کاتێك گوێ بەدەنگی مێژوو دەسپێرین دەبیینین و دەبیستین ئاشتی و ئارامی لەلایەن زەردەشت بانگەشەی بۆ کراوە،مێژووی دێرینی مرۆڤ ئەوە دەنگی زەردەشتە کە گوێی مێژوو دەلەرزێنێت و

دەڵێت:«ئەی ئەهورامەزدا... لەراستی و خاوێنی،هۆیەك دروست بكە تا لەهێز و تابشتی ئەو، ئاشتی و ئاسایش سەقامگیر بكرێت،...»(یەسنا-هاتی ٢٩-خاڵی ١٠)
لەگەڵ ئەوانەش ئاشتیخوازی و ویستی هێمنایەتی،نابێتە هۆی سەر داخستن بۆ زوڵم و قەبووڵكردنی زۆرداری و ستەم،هەر بۆیەش زەردەشت لە دێڕی"یەسنا-هاتی٤٨-خاڵی٧"دا دەبێژێت:«تورەیی دەبێ بەربەست بكرێ،بەڵام پێویستە لەهەمبەر زوڵم و زۆرداری، لەخۆمان بەرگری بكەین.»
ئەمانە و سەدان ئامۆژگاری دیكە،لەلایەن زەردەشتی كورد ئاراستەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی كراوە با هەموو خەڵك بزانێ ئەوانە گشتیان قسەكانی زەردەشتی بەرەچەڵەك كوردە ولە گاتاكاندا پێشكەش بە مرۆڤ كراوە.

---

بە بێ دڕدۆنگی، دینی زەردەشتی، ئایینێكی پۆزیتیڤە كە لە سەر ئەساسی هزر و ئاوەزەوە بنیات نراوە، تەنیا مەرجی سەرەكی بۆ دان پێداهێنان و وەرگرتنی ئەو دینە ە یا خود تاكە پێوە روپێوانە ەی پەسند كردن، بیر و هزر و تێكفكرینە ە. تابەنی دینی زەردەشت بۆ تەواوێتی ( كەماڵی ) مرۆڤ، بە هزر و ئەقڵ بەستراوەتەوە.
لە راستیدا، زۆرەملێ و داسەپاندن، هیچ جێ پێیەكی لەم ئایینە ەدا نی‌یە، هەر وەک زەردەشت، زۆرملێ و ئیجباری بە توندی و بە راشكاوی رەت داوەتەوە.
گۆشەنیگای زەردەشت سەبارەت بە  شوناس وهەبوونی ژن و لە بارەی جێگای ئافرەت لە ناو كۆمەڵگادا، زۆر سەرنج راكیشەرە،دۆخ و مەقامی ئافرەت هەرلەكۆنەوە لە ناو كوردەكانی "ماد"ی و لە باوەڕی موغەكان بەرز نرخێنرداوە.دیارە لە گەڵ سەرهەڵدانی زەردەشت و لە نەتیجەی چاكسازیەكانی ئەو مەزنە مرۆڤە،گۆڕانكاریەكی بە سەر جێگەوپێگەی ئافرەتدا هاتووە.ژن لە قەمچی دیدی زەردەشت و دینی پیرۆزی زەردەەشتی مافی یەكسان و بەرابەری لەگەڵ پیاو گەل پێ بەخشراوە، تەنانەت مەقامی  دایك ئێجگار پیرۆز و گەورە زانراوە؛ تێبینی لە دەقەكانی ئاڤێستا ئێمە بەوەرێنوێنی دەكات كە ناوی ژن و پیاوی خاوەن چاكە و رەوشت بەرز و خواترس، لە یەک ریزدا هاتوە،ئافرەت لە كاروباری كۆمەڵایەتی،ئابووری،دینی و ... بە قەت پیاو كاریگەرەو هەر بەو رادەیەش بڕیاردەر و بەرپرسیارە.رۆژی پێنجی مانگی ئەسپەندارمەزد(رەشەمە) هەر لە دیرۆكی ئاریایی بۆ رۆژی دایک و ئافرەت تەرخان كراوە . ئەوانە لە حاڵێكدان كە ژن لە كۆمەڵگای بێ وێنەی! یۆنانیەكان تەنانەت مافی شارومەندی پێ رەوا نەزانراوە،ئافرەت لە ریز و قەڵافەتی كۆیلەكان و یۆنانیەكان بگرە لە وانیش نزمتر دانراوە و دەزانرێت. بێگومان خوێندنەوە فەلسەفیەكانی !سوقرات،ئەفلاتوون و ئەرەستو ئەوەبە ئێمة دەسەلمێنێت.
بەسەرنج دان و وردبینی لە بۆچوون و ئایینی زەردەشتی، ئەو باوەڕە وە دیار دەكەوێت كە لە هەر هەزارەیەكدا، زەردەشتێكی زەمانە ە واتە رێبەرێكی مەزن لەسەر شوێن و رێبازی زەردەشت سەر هەڵدەدات. (زرتشت،پیامبر ایران باستان،هاشم رضی)
( ئۆشیدەر یا خود هوشیدەر )، ( هوشیدەر مانگ ) و ( سوشیانس )، سێ بەڵێنی پێدراوی زەردەشتین، كە هەر سێكیان راستەوخۆ لە توخم و رەچەڵەكی ئەشو زەردەشت دەبنە ەوە و بە كوڕی زەردەشت دەناسرێن.           ( زادئەسپەرم – خاڵی ٢٢ )، ( دین كورد – خاڵی ٥١-٥٤ )
هوشیدەر و هوشیدەر مانگ لەدایكبوون و چاكسازی و ئەركی خۆیان بە جێ هێناوە و كۆچی دواییان كردووە، بەڵام هێشتا سوشیانس یا خود سوودپێگەیانی گەورە، لە دایک نە ەبووە و بەڵێنی دراوە لە سەردەمێكی پێویست و بارودۆخێكی تایبەتی و گونجاو سەرهەڵدەدات.
ئەگەر بەزێتی بڕوانین، شوێن هەڵگرتوویی ئایینە ەكانی‌تر سامی بە گشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی، راستەوخۆ لە ئایین و جیهانبینی زەردەشت دەبینرێت، دیارە، بۆچوونی زەردەشت لەمەڕ پێشوای زەمانە ە ( مەهدی مەوعوود ) لە رێچكەكانی ئیسلام بە تایبەتی ئیسلامی شیعە و

ئیسلامی سوننه ه به رووتی خۆی دەنوێنێت، که به بێ قسه جێی هیچ ئینکار و پاساوێک ناهێڵێتەوە، به مانایەک، قووڵی و بەرینی کارتێکردنه هکه ئەوەنده، راستەوخۆ و بنه هڕەتیـیه که نکوولی لێ ناکرێت. بۆ نموونه ه، لەم بارەوە، دوو کتێبی زۆر گرینگ، به قەڵەمی ( دارمستتر ) و ( ئێدگار بلوشه ) نووسراون. ئێدگار بلووشه، دەنووسێت: (( سەرچاوە و چاوگی باوەڕ به بوونی " ئیمامی زەمان " و کەسێکی بەڵێنپێدراو، هەڵدەگەڕێتەوە سەر بیر و رای ئێرانیەکان. )).( تاریخ تمدن و فرهنگ ایران کهن -دکتر هوشنگ طالع)

(قطب الدین شیرازی) له گەورەیی و زانایی زەردەشت ئاوەها دەئاخفێ : (( لەو شتانه که زەردەشت له ناو پەراوەکانی زەند و ئاڤێستا گوتویەتی یەکێکیان ئەوەیه که له ئاخرو ئۆخری زەمان،پیاوێکی مەزن سەرهەڵدەدات که بەنێوی(ئەستەدیرکا)دەناسرێت و واتاکەی به پیاوی زانا لێکدەدرێتەوە، لەو دنیایەعەدڵ و دین ئاراسته دەکات، هاوکات لەگەڵ وی،پەتیارەیەک پەیدا دەبێت که له هەوڵی خراپەکردن و به لارێدا بردنی مرۆڤ تێدەکۆشێت و تێکدەری چاکه و کاروباری ئەستەدریکایه....

ئەز(شیرازی)دەڵێم هەر دەڵێی ئەو زانایە(زەردەشت)لەبوونی سەرپەرست و شوانی!(مولای)ئێمه(ساحب الزمان) و سەروەدەرنانی ئەو له ئاخری زەمان خەبەری داوە. تایبەتمەندی و سیفاتێک که بۆ ئەستەدریکا(سوشیانس=مەهدی مەوعود) دەگوترێ هەمان سیفەت و خسووسیاتی ئاماژە پێکراو له حەدیس و ریوایەتەکانی ئێمه دەچێ، هه روه ها پەتیارەکەش هه مان دەجاڵه و ....)).(هەمان سەرچاوەی سەروو)

## فەلسەفه و ئاوەزگەرێتی زەردەشت

لەسەر فەلسەفه و بڕوای ئاوەزگەری زەردەشت گەلێک وتار و لێکدانه هوه له کایه دان، بەڵام زۆر به کورتی، هەوڵ دەدەین تیشک بخەینه ه سەر هەندێک لایەن و بڕگه فەلسەفیەکانی ئەم ئایینه. سەمبوولیک واته هێماگەریەتی وەک یەکێ له دیاردەکانی گرینگی چوارچێوەی بیروباوەڕی ئارییەکان، به درێژایی مێژوو، رۆڵی تایبەتی خۆی گێڕاوە. دەزانین، هێما لەناو ئۆستورەدا، رۆڵێکی گرینگ و له هەمان حاڵیشدا سەرەکی به خۆوەدەبینێت.

دیاره له ناوەرۆکی هەر دەق و بۆچوونێکی ئۆستورەییدا، هەندێک راستی له گۆڕدان، به دەربڕینێکیتر، لەناوئاخنی هەر دیاردەیەکی ئوستورەییدا، حەقیقەت به هێمایەکی تایبەتی، گونجاوە و بناخەی هەر ئۆستوورەیەک لەبان بەردی واقعییەت و راستییەک هەڵچێندراوە.

ئاو، با، خاک و ئاگر، ئیزەد و ئەمشاسپەندەکان، ئەهریمەن و دێوەزمەکان و ... گشتیان هێمایەکن که بەشێک له حەقیقەت و پێداویستیەکان و لایەنەکانی تەمووژاوی مرۆڤ روون دەکەنه هوە.

ئاشکرایە، ئەوه نابێته هۆی پاساوی ئەوەیکە، ئەو راستیه له بیر بکەین که تاقمێک له باوەڕ و بۆچوونه هکانی ئێمه له ناو ئۆستورەدا بنه هڕەتین و هەندێکیشیان هەر به تەواوی بێ پایەن و ریشەیەکی ئەوتۆیان نـیـه.

ئەگەر چی هونه هری هێماگەرێتی، له ناخی دەقەکانی ئاڤێستا و حەیرانه ه ئایینیه پیرۆزەکانی ( گاتاکان ) زەردەشت، به روونی وەبەر چاو دێن، بەڵام له روویێکی دیکەوە تەواو کاریگەری هەیه لەسەر واقعیەته پێویستەکانی ژیانی مرۆڤ، به وتەیەکی دیکه پێوەندی نێوان مرۆڤ و ژیانی واقعیەتی له هەمبەر ژیانی خولیایی و دنیایەکیتر لەسەر بنکەی حەواڵه به گەواڵەدان، پتەوتر و پڕبایەختره؛ هەر بۆیەش ریالیزمی هزری و ئەقڵانییەت تیادا جەختی لەسەر کراوە.

له دەقەکانی ئاڤێستا زۆربەی کات، ئەهورا مەزدا به سیفەتی " ئەی هزری ( خرد )ی خاوەن چاکه " بانگهێشتن کراوە، له ناو تاقمێکی زۆریتر، ئەهوراموزدا بەسەرچاوەی زانیاری و زانایی و هزرگەری، ناسێندراوە. (( رێز و سوپاس هەیه بۆ زانای خاوەن چاکه )). ( ڤێندیداد – خاڵی ٣٩ )

بە بێ قسە، خوێندنە وەو تێڕوانینێکی میتافیزیکی و ئوتوپیایی ئەگەر سەرنج و بیرکردنە وەو تێگەیشتنی لەگەڵدا نە بێت یا خود بە ئەقڵ و بڕوای مرۆڤدا نەچێت، ئەوە بێ سوودە و هیچ مانایەکی بە نرخ، تیایدا بەدی ناکرێت.

فەلسەفەی زەردەشت لەسەر دوو دیرۆکی ئەساسی و دوو گەوهەری هاوکات لە دایکبوو لە هەمان حاڵێشدا دوو هێزی شوێندانە ەر، بەڵام ناتەبا، واتە ( سپەنتەمینوو )، ( ئەنگرەمینوو )، دامەزراوە. راستیەکەی ئەوەیە، کە کاردانە وە و دەنگدانە وەی ئەم دوو چەمکە، وزەیەکە، کە لە دڵی بچووکترین زەڕڕە و بەشەکاندا، بە چەشنی موسبەت و مەنفی، بەردەوام لە جوڵانە وە دایە و خۆی دەنوێنێت. بە تێبینی لەمەڕ دیاردەگەلی سروشتی، ئەو دوو چەمکە ناتەبایە، یەک لەوانە ە " مەشی " و " مەشیانە ە " ( ئادەم و حەوا ) رۆڵی گرنگیی ئاشکرا دەبێت.چونکە سەرەتا و پێشوونەی مرۆڤ لە چەشنی سەنتێزدا وە دیار دەخات.

تێز ( وزەی موسبەت ) و ئانتی تێز ( وزەی مەنفی )، پایە و بنچینە ەی ئافراندن، جوڵانە وە و گۆڕان، گەشەسەندن و فەوتان، ئەندێشەی مرۆڤ و ... لەسەڕ جەمسەری وزەی چاکە ( سپەنتەمینوو ) و خراپە ( ئەنگرەمینوو ) قایم کراوە.

هەڵبەستەکانی ناسر خەسرەو لەو بارەوە جەخت لەسەر ئەو راستیە دەکات:

| | |
|---|---|
| سوی تو نویدگر فرستادند | بردست زمانه ز آفرینش،دو |
| یکی سوی دوزخت همی خواند | یکی سوی عزّ و نعمت مینو |
| هر یک به رهیت میکشد،لیکن | بر شخص پدید ناورد نیرو |

....

| | |
|---|---|
| بر گیر ره بهشت و کوشش کن | کاین نیست ره محال و نامَرجو |

(زرتشت پیامبر ایرانی،هاشم رضی، ١٠١-١٠٢)

شوێن و بەرهەمی چاکە و خراپەی مرۆڤ، لە زاڵ بوون و هەژموونی یەکێ لەو دووانە ە لەسەر ئەویتر، دێتە دی، واتا، دژایەتی و یەک بوون، پەرموون و پەرتەوازەیی، راستی و ناڕاستی، موتڵەق و رێژەیی، هەبوون ( وجود ) و نە ەبوون ( عدم )، رووناکی و تاریکی، ... هەر هەموویان دیاردەی تەعامولی ئەم دوو نیرووگەلە دەناسرێن. بەرهەم و سەنتێزی ئەو دووانە ە مرۆڤ لە مێژوودا وەری دەخات و بەدیهێنە ەری هەڵسوکەوت و بزاڤی جیهان و مێژوویە. هەر وەک دیارە، کرۆک ( جەوهەر )ی ناوەرۆکی فەلسەفی زەردەشت، دەگەڕێتەوە سەر جەمسەری ئەقڵ و هزری مرۆڤ، بە واتایەکی دروستتر، هزرگەری و ئەقلانییەت لە ناوقەدی ئەم ئایینە ەدا سەقامگیرکراوە، هەر چەند لە بەستێنی ماریفەت و ئیمانیش لەو پەڕی پتەوی و مەزبووتی دایە.

سیمای زەردەشت لە بۆچوون و نووسراوەکانی ئەشراق و حیکمەتی خوسرەوانی بەتایبەتی شارەزوری بەئاشکرایی و کراوەیی وەدیار دەکەوێت، یەکی تر لەزانایانی دنیای ئیسلامەتی،کەلەبارەی زەردەشت و تێڕوانینیەکانی،زۆر بەپوختی و پۆزیتیڤی دواوە(قطب الدین اَشکِوَری) لەشاگردەکانی میرداماده.وێ کەسێ دەبێژێت:«روناکی و تاریکی دوو پرەنسیپی دژ بەیەکن،هەروها یەزدان و ئەهریمەن،پێشوونەی گشت خوڵقێندراوەکانی جیهان لە لێکدان و لێکبوون و ئاوێتەبوونی ئەودوو ئەسڵە دێتەدی،...»

تاقمێکی زۆر لە پسپۆڕان و زانایان لەوباوەڕەدان کە مادەکان و موغەکانی ئایینی ( کوردەکان ) دامەزرێنە ەری فەلسەفەن، دوور لە راستی نیيە کە بگوترێ، فەلسەفە و ئەقلانییەتی زەردەشتی، کاردانە وەیەکی بێ ئینکاری لەمەڕ فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا بە گشتی و یۆنانیەکان بە تایبەتی بە جێ هێشتووە، پێوستە زۆر بە کورتی پەنجە بۆ هەندێک لەم رایانە ە رابکێشین.

به گوێرەی قسەی ( دیوژێنی لائوسی ) یۆنانی، کە لە زمان ئەرەستوو دەپەیڤێ، دەڵێت: (( موغەکانی مادی و زانایانی کلدانی بابێل و حەکیمەکانی هیند بناغە داڕێژ و بنیاتنە ەری فەلسەفەن. )) پلوتارخوس لە بارەی بیر و باوەڕ و بۆچوونەکانی زەردەشتی گەلێك باسی هێناوەتە ئاراوە. (دینهای ایرانی-س ١٣٩-١٤٥)

خوێندنە ەوە و بۆچوون و جیهانبینی فەلسەفی زەردەشت، هەر لەو کاتەوە جێی سەرنجی فەیلەسووف و حەکیمەکانی گەورەی جیهان بووە، بیر ڤانانی خاوەن رای جیهانی کۆن لەوانە ە، سوقڕات، ئەفلاتوون، دیوگنێس، ئەرەستوو، هیراکلیتووس، دێمۆکریتوس،پرۆتاگوراس، دێموکڕیت، فیساغورێس، تاتیانووس و ... بە شانازی و لوت بەرزییەوە، لە زەردەشت و ئایدیۆلۆژیایەکەی دواون و شوێنیان لێ وەرگرتووە. دیوگنێس(Diogenes)دەنووسێت:«ئەرەستو پەڕتووکێکی لە ژێر سەردێڕی(magikos)داناوەکە لەودا بەڕاشکاوی زەردەشت بەدامەزرێنەری فەلسەفە دەناسرێت».هەر ناوبراو دەڵێت،ئەرەستو لەکتێبەبەنرخەکەی خۆیدا(peri philosophia-دەربارەی فەلسەفە) لەمەڕفەلسەفەی موغەکان بەبەربڵاوی باسێکی تێر و تەسەلی هێناوەتەئاراوە.(دینهای ایرانی-س ١٤٠)

تاتیانووس دەگێڕێتەوە،ژ. ئەلێکساندریوس پەیڕەو و هەڤاڵی پارسەکان(ئێرانیەکان) و فەلسەفەی موغیەکان«موغەکان» بووە.(تاریخ و فرهنگ ایران کهن،دکتر هوشنگ طالع-س٢٥٨)

---

( هانری پواش ) لە پەڕتووکی مێژووی تەمەدوونی ئێران ( تاریخ تمدن ایران )دا بە راشکاوی دەریدە بڕێ کە وا وێدەچێ دێموکریت و پرۆتاگوراسی سوفسەتایی لە بابێل لە مەحزەری زانایانی کلدانی و موغەکانی ئەو مەڵبەندە، زانستی خۆیان کۆ کردبێتەوەو دێموکریت، تیۆری ( تلەپاتی ) و وێنە ەکانی ( تصاویر ) خۆی لە ماریفەت و عیرفانی ئێرانیەکان ( موغەکانی ماد ) وەدەست هێنابێ. )).

ئینجا هەر بەو رادەیەش، گیان و کرۆکی ئەو فەلسەفە و جیهانبینیە کە بە زەردەشت گەیشت و لەو رێبازەدا گەشەی سەند، شوێن دانە ەری هەبووە.

ئەو بەڵگانە ە، لە لایەکەوە دان پێداهێنانی فەیلەسوفەکانی گەورەی جیهانی و یۆنانی بۆ ئێمە دەسەلمێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە خۆی لە خۆیدا، ئەو حەشارگەیەی بۆ ئێمە روون دەکەنە ەوە کە کوردە موغەکانی مادی رۆڵێکی زۆر سەرەکی و قووڵیان لەمەڕ دامەزراندنی فەلسەفە و ئاوەزگەرێتی گێڕاوە.

نکووڵی لەوە ناکرێ کە پێکهاتنی جیهانبینی فەلسەفی یا بەواتایەکی دروستر راڤەو شرۆڤەی هەستی،لەداهێنان و وەدەستهاتووەکانی زەردەشتە.لەو رووەوە زۆربەجێیە کە هۆزانانی یۆنانی،زەردەشت بە داهێنەر و بنیاتنەری فەلسەفە لەقەڵەم بدەن،ئەویش کەسانێکی وەك ئەرەستو و ئەفلاتوون.

بە پێی وتەی خودی یۆنانیەکان، فیساغورێس، زانست و لێکدانە ەوەکانی لەسەر کارتێکردنی زەردەشت هاتۆتە دی، دوان و بۆچوون و دەربڕینە ەکانی ئەم فەیلەسوفە کە دەگوترێت ئامیانی دینی بووە و وەک هەوەڵین دین ناسراوە، ئەوە بۆ ئێمە دەسەلمێنێ.هەر لەو بارەوە تاقمێک لە نووسەرانی کۆنی یۆنانی،زەردەشت بە هاوچاخی فیساغورێس دەزانن و بەردەوام ئەو زانایە بە شاگرد و راهاتووی زەردەشت دەناسێنن.

سوقڕاتی یۆنانیش (٤٦٩-٣٩٩ پ.ز ) کە باوەڕی بە خوایەکی نادیار و تاک هەبووە، بە گەواهی مێژوو لە ستایش و کڕنۆش بردن بۆ خوایەکانی فەرمی یۆنان لایدا و بە شوێن هەڵگرتوویی لە زەردەشت بە جێگەی ئەوان خوای بیانی ( هەمان ئەهورامەزدا ) رەواج داو بەو پێیە بەرای یۆنانیەکان گومڕا بووە و بە تاوانی گومڕا بوون و گومڕا کردنی لاوەکانی یۆنان لە سێدارە درا.

مەکتەبی، " گۆڕانی بەردەوام " ( تغییرات پیاپی )، کە لە لایەن هیراکلیتووس دامەزراوە، لەمەڕ ئەو باوەڕە قایم کراوە کە گۆڕان و دۆنادۆنی تاکە پرەنسیپی سەرەکی زاڵ بەسەر جیهاندایە، واتە جیهان لە گۆڕانی هەمیشەیی دایە (( نە ەمان، مانە ەومان، نە ەمانە ە ))، یەکیان لە مەرگی ئەوەیتردا، دەردێتەوە و لە ژیانی یەکیتر دەفەوتێ ( دەمرێ ).

ناوبراو دەیگوت: لەناو ئاخنی هەر شتێک، دژبەرایەتی و پارادۆکس هەیە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری هەمیشەیی و تەکاموول پێکدێنێت، بێگومان ئەمە وەبیرهێنە ەرەوەی دووهێزی سەرەکی و دژ بە یەکی موسبەت و مەنفی لە ناو ئاییینی زەردەشت دایە.

چوار عونسوڕی سەرەکی سروشت واتە ئاو، با، خاک و ئاگر لەناوبیری زەردەشتی، یەکێتر لەو بڕگانە ەیە کە فەلسەفەی زەردەشت لە سەری دەور دەگێڕێت.

«دایکی ژیان"خاك"،ئاوی ژیان"ئاو"،بابی ژیان"خۆر"، ئاوری ژیان"ئاگر"»

چنین است فرمان دادآفرین
که پاکیزه دارند روی زمین

چو آباد باشد به کشت و به کار
به مردم رسد سود ازو بیشمار

به گیتی بودآن کسی بهترین
که توشه به آباد کردن زمین

........

به زرتشت گفتا ای پاک جان
سپردم به تو آبهای روان

به خلق جهان بازگوی کز آب
بود در تن همگنان زور و آب

ازو زنده باشد تن جانور
وزو تازه باشد همه بوم و بر

چو پاکیزه باشد کراد ممر
بباید گداز و نیارد فطر

سخن گفت درباره رُستنی
که از زرتشت گوید آبا هر تنی

نباید به بیدا رکردن تباه
به بیهوده بر کندن از جایگاه

کزوراحت مردم و چارپاست
تبه کردن او نه راه خداست

دیارە ئەم چوار جەوهەرە سروشتیە،( ئاو، با، خاک و ئاگر)، ڕۆڵێکی گرینگی لە بۆچوونە ەکانی زەردەشت بە خۆوە هەڵگرتووە، هەر ئەوەش لە شکڵ گرتنی چوارچێوەی فەلسەفەی سەرەتایی یۆنانیەکان کایەی لەسەر کراوە.

بە گومانی تالس، ژێربەنای هەموو شتێک ئاوە، هەر وەک دەیگوت: (( هەموو شتێک ئاوە )). هەروەها لە قورئانیشدا ئاو بەسەرچاوەی ژیان لەقەڵەم دراوە و لە بۆچوونەکانی مەسیحی بۆ غوسڵی تەعمید کەڵکی لێوەردەگیرێت.

ئەنکسیمینوسی یۆنانی لەو بڕوایەدا بوو کە هەوێنی سەرەکی و کارتێکەر، تاکە و ئەویش ماددەی هەوا ( با ) یە، (( وێدەچێ دنیا نە ەفەس بکێشێت )).

هیراکلیتووسیش لەمەڕ ئەو باوەڕە ساغ ببۆوە کە، هەموو جەوهەرەکانی سروشتی ئاو، با و خاک، لە تێداچوون و ئیستحالەی ئاگر پێکدێت. (( ئاور باوکی هەموو شتێکە )).
رامین جەهانبەگلوو دەڵێت: (( پێویستە گرنگی فەلسەفی – ئەخلاقی ئەم ئایینە ە بە کەم نە ەزانین، چونکە کاریگەریەکی زۆری کردۆتە سەر هزری یۆنانی و ئەفلاتوونییە نوێیەکان )).
بێ شک، چوارچێوەی بیر و ڕا و فەلسەفەی زەردەشتیەکان و موغەکان، پەل و پۆی هاویشتۆتە سەر بیر و باوەڕ و لێکدانە ەوەی رۆژئاواییەکان؛ بۆیە نیچە بە ئاشکرایی رادەگەیەنێ کە (( حەق وابوو، فەلسەفە و فەرهەنگ و تەمەدوونی ئێرانی ( موغەکان و زەردەشتیەکان ) لە رێگەی یۆنان و روومەوە بۆ رۆژئاوا هاتبایە، نە ەک فەلسەفە و تەمەدوونی یۆنان لە رێگەی روومەوە )).
مەخابن، گەلێک چەمک و مەفهووم و بۆچوونی زانستی و فەلسەفی لە لایەن یۆنانیەکانە ەوە قۆزراونە ەتەوە، ئینجا بە زمان و جلکی یۆنانی رادەستمان کراونە ەتەوە. هێگێل لە لێدوانە ەکانیدا، سوقرات بە یەکێ لە کەسایەتیە جیهان مێژووییەکان دادەنێت، لەبەر ئەوەیکە بە باوەڕی هێگێل، رۆحی پرسیارێتی و پرسگەری لە هەموو شتێک دەکات و پرسیارگەری رەواج دەدات.
ئەم تایبەتمەندییە ی سوقرات، لە دینی زەردەشتیدا زۆر بەرچاوە، بە جۆرێک کە لە زۆربەی گفتوگۆکانی زەردەشت لەگەڵ ئەهورامەزدا، بە زاراوەی پرسیار دەپەیڤێ. ( بڵێ بزانم ... ؟ )، ( وەڵامم بدەوە و ... ؟ ) و ... . رۆح و جەوهەری پرسیارگەری لە دینی زەردەشتی و مرۆڤی ئێرانی هەمیشە لە ئارا دایە، بە شێوەیەک کە مایەی بەختەوەری و خۆشبەختی زانراوە، ئەوەش دیارە کە بەختەوەری و خۆشبەختی بەشێکی زۆری هەر لەو دنیایە دایە.
(( ئەی مرۆڤی پارێزکار، لە پرسیارکردن لە من دەست هەڵمەگرە، ئەز خولقێنە ەری کردەوەی باش و گەلێک زانام و دەتوانم وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە کە وایە لە من پرسیار بکە، تا خۆشبەخت بی )). ( بڕگەی ( ١٨ ) ڤێندیداد – خاڵی ( ٧ ) )
( ... لە من پرسیار بکە تا وێرای ئەویکە وەزعی خۆت باشتر دەکەی، خۆشت بەختەوەر و خۆشبەخت بکەی. ). ( بڕگەی ( ١٨ ) ڤێندیداد – خاڵی ( ٧ ) )

---

زەردەشت بیرمەند و تیۆری دانەری کوردستانی کۆن لەدەقی گاتاکاندا وەك هۆنەرێکی بەسۆز و فەیلەسوفێکی وردبین و قووڵ ئەندیش،لە بونیادی ترین پرسیارگەلێك کە لە بەردەم مرۆڤ لەئارا دان و هێشتاش هەر لەگەڕدان، دەدوێت.(دینهای ایرانی-س ١٤١)

---

خوای زەردەشت رادەگەیەنێت کە« پرسیارم لێ بکە، چونکە پرسڤی هەموو پرسێکت دەدەمەوە».
بێگومان بە پێی پێناسەی هێگێل، زەردەشت کەسایەتیەکی جیهان مێژووییە ( جهان تاریخی ) و پێشەنگایەتی زەردەشت لەم رەهەندەشەوە ئاشکرایە.
بە رای ئێمە، یەکێ لە تایبەتمەندیە هەرە سەرەکی فەلسەفەی زەردەشت، کە تاکوو ئێستا سەرنجی پێنە ەدراوە، پێوەندی نێوان هزری فەلسەفی و بڕوای ماریفەتە.
گومان لەوەدا نی‌یە کە بیر و ئەقڵی زەردەشتی و بگرە موغەکانی بە رەگەز (ماد)ی پێش زەردەشت، لەسەر ئەو بناغە دارێژراوە، کە ئاوەزگەرێتی، بە کەڵک وەرگرتن لە فاکتۆرەکانی سروشتی و واقعیەتەکانی مرۆڤی خاکی لەسەر گوێ زەوی، رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. لەم بارەوە کە بڕوا و ئیمان و باوەڕی میتافیزیکی زەردەشتیەکان بە گشتی و مرۆڤی ئێرانی لەسەر هێم و هەوێنی ئەقڵ دامەزراوە و قەدی کێشاوە، هیچ گومانێک ناتوانین بخەینە ە ناو دڵمان.
بە گوڤانی مێژوو، زەردەشت یەکەم کەسە لە ناو پێغەمبەر و فەیلەسوفەکان کە، سەرنجی مرۆڤی واتە هەست و ئیمانی بۆ لای ئەقڵ و لێکدانە ەوە راکێشاوە.

زۆربەی هەرە زۆری ئایینە ەکانی سامی وەک، یەهوودییەت، مەسیحییەت، ئیسلامەتی و ...
لەسەر پایەی ئیمان و باوەڕ هاتۆتە گۆڕێ و ئەقڵ و ئاوەزگەرێتی وەک پاساوی ئەو هەست و ئیمانە ە، کاریگەری دەبێت. بە واتایەکی دیکە، هەستیان بە پێویست بوون یا خود بە رێڕەوی کردن لەو ئایینە ە کردووە، نە ە ئەوەیکە ئەقڵییەت و لێکدانە ەوەیەکی فەلسەفی و هزری ئەوانی بۆی لای دین و ئیمان راکێش کردبێت، واتە ئەقڵ و ئاوەزگەریەتی لەسەر بناغە و هەوێنی ئیمان و بڕوا داڕێژراوە نە ە بە پێچەوانە ە.
بە بێ قسە، لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگی بەرفراواندا، دین و ئولی هەر نە ەتەوەیەک، پێوەرو ناسێنە ەری رادەی تەمەدوون و فەرهەنگ، بگرە نیشانە ەی هۆش و زەینی کۆی رابردووی ئەو نە ەتەوەیە، بە ئەژمار دێت. بە جورئەتەوە دەتوانرێ بگوترێ، پێناسەی میللەتەکانە ە.
ئینجا لە سەر ئەو راستیەش هانتینگتۆن لە ناو بابەتێکدا دەنووسێت: (( مرۆڤ خۆیی و هۆوییەت و شوناسی خۆی بە پێی باب و باپیران، مێژوو، دین و ... پێناسە دەکات و دەدۆزێتەوە. )).
ئاگوستینی قددیس،کە شوێن هەڵگرتووی ئایینی زەردەشت، بە تایبەتی مانە ەوی بوو، بە راشکاوی دەیگوت (( خەباتی سیاسی لە جیهاندا، نە ە لە مابەینی دەوڵەت و دین، بەڵکوو لە نێوان (( کۆمەڵگای ئاسمانی )) و (( کۆمەڵگای زەوینی )) دایە، کە ئەوەڵینیان نوێنە ەری خواپەرستی ( سپەنتامینوو ) و ئەوی‌تریان هی تاوانباران و خراپکارانە ە ( ئەنگرەمینوو )، بە دەستە واژەیەکی‌تر، سەرەکیترین ئەندێشەی ئاگوسیتن لەمەڕ ئایینی " دووشار "ی، ئاسمانی و خاکی هاتۆتە ئاراوە.
( تاریخ اندیشەهای سیاسی در غرب – دکتر طاهری – صفحە ١٤٣ )
توماس ئاکۆنیاس کە بە گەورەترین و بەهێزترین فەیلەسوفی مودەڕڕیسی، لە سەدەکانی نێونجی دەناسرێت، بە شوێن هەڵگرتنی بۆچوونی رۆژهەڵاتی ( بە تایبەتی بیرۆکەی زەردەشتی ) بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابوو کە سازش و لێک نزیک کردنە ەوەیەک لە نێوان ئیمانی مەسیحی و ئەقڵانییەتی یۆنانی پێک بێنێت، تەواوی خزمەت کردنی ئاکۆنیاس بە مەسیحیەت ئەوە بوو کە دینی مەسیح لەگەڵ فەلسەفەی ئاوەزگەرێتی ئەفلاتوون و ئەرەستوو ئاوێتە بکات و پردێکیان بۆ دروست بکات. ( تاریخ اندیشەهای سیاسی در غرب – دکتر طاهری – صفحە ١٤٣ )
دیارە ئەو بەرێزە بۆ هەمیشە سەرکەوتوو نە ەبوو، چونکە بە پێچەوانە ەی زەردەشتی، ئیمانی مەسیحی لە سەر بەردی بناخەی ئەقڵ و هزر دانە ەمەزرابوو،ئەو راستییەش لەسەردەمی رێنسانس بە زەقی خۆی نیشان دا.
هەر وەک ئامازەی پێدرا، ئیمان و بڕوای زەردەشتی لەسەر جەمسەری ئەقڵ، پەلی هاویشتووە، ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەرە گەورەی فەلسەفەی ئێرانی ( کوردەکانی موغ و زەردەشت ) دەزانین.
بە کورتی دەتوانین ئەوە بڵێین کە، باوەڕی ئەقڵی و هزری لێکدانە ەوە زەردەشتیەکانی بردۆتە سەر ئیمان و بڕوایەکی قەلبی، نە ە بە پێچەوانە ە، لە راستیدا ئەو فورموولەی ( ئیمان لەسەر پایەی هزر )، یا ( هزر لە سەر پایەی ئیمان ) ئەگەر نە ەڵێین پێکهێنە ەری تەمەددونە ە، دەتوانین بە رێخۆشەکەری تەمەدوون و دەسکەوت لە قەڵەمی بدەین.
بە سووکە ئاوڕێک لەمەڕ مێژووی ئایینی، سامی و عەڕەبەکان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە چاخێکی مێژوویدا، دگماتیزم و دەمارگیری و شک و توند و تیژی دێتە ئاراوە و لە چاخ و کاتێکی‌تردا، هەر لەسەر هەوێنی و پرەنسیپەکانی پێشوو کەم تەرخەمی و دیاردەی لائیک و سکوولارو لەوانە ە، بێ دینی و ... دێتە گۆڕێ.
محەممەدی غەزاڵیش، تووشی ئەو نە ەهامەتە بووە، لە راستیدا زۆری هەوڵدا، ئەقڵانییەت و ئاوەزگەری زەردەشتی لەگەڵ هەست و بڕوای ئیسلام گرێ بدات. بەڵام نە ەتەنیا سەرکەوتنێکی وەدەست نە ەهێنا، بەڵکوو، دانی بە شکستدا هێناو و بە لای ئیمان و هەستی قەلبی شۆڕ بۆوە و

بە راشکاوی دەری بڕی کە " ئەوە مومکین نیە ". هۆی ئەو شکست و دابەزینە ەش ئەوەیە کە، ئایینە ەکانی سامی و ئیسلامەتی، لەسەر هۆش و بۆچوون و ناوئاخنی فەرهەنگی، کۆی سامیەکان لە درێژایی مێژوودا سرچاوەی گرتووە و ئاوەزگەری بە واتای واقیعی خۆی لە ناویاندا دەورێکی بە خۆوە نە دیوە، تێڕوانین و بالآبینی میتافیزیکی، دەرفەتی بەو سەرهەڵدانە ە، نە ەداوە، لە حاڵێکدا زەردەشتیەت و ئایین و فەلسەفەی ئێرانیەکان و یۆنانیەکان، لەسەر ئەقلییەتی پێکهاتە لە ناوەرۆکی دەق و فەرهەنگی تایبەتی و کۆی ئەقڵی ئەوان هاتۆتە کایەوە. هەر لە درێژەی ئەو ململانە ەیەدا، سۆرە وەردی، لە روانگەی بۆ چوونی ئەقڵی و کردەوەیی زەردەشتی، رامانێکی بەربڵاوی بە سەر ئیسلامدا بووە و لەو کارەشدا سەرکەوتویی وەدەست هێناوە.
هۆی راست بوونە ەوە و سەرکەوتویی سۆرە وەردی لە جۆش کردنی ماریفەتی ئیمانی و ئاوەزگەرێتی، پێ چەقاندن لە سەر بەردەی بناخەی زەردەشتی و بۆچوونی رەسەنی کوردایەتی بووە، لە راستیدا سەری رێز و نە ەوازشی بۆ زەردەشت دانا و بە لایتردا سەری شۆڕ نە ەبۆوە، جا هەر بۆیەش بە پێچەوانە ەی غەزاڵی، سەری لەسەر ئەو بۆچوون و رێزگرتنە ە دانا و لە تەمەنی ( ٣٥ )ساڵیدا لە پێناوی رەسەنایەتی و راست بوونی بیروڕای خۆی، شەهید کرا.
دیارە لەم بارەوە نموونە ە زۆرن، یەک لە وانە ە دەتوانین باس لە(عومەر خەیام)، ( خاجە نزام )،(زەکەریای رازی) ،( خاجە نەسیری توسی )، ( ماوەردی )، ( فردوسی )، ( صدرالمتألهین ) و ... بکەین .
بە باوەڕی زۆرێک لە زانایان، فەلسەفەی زەردەشت لە لایەکەوە کارتێکردنێکی چڕوپڕی لەسەر حیکمەتی ئیمان و ئەشراق داناوە، لە لایەکی دیکەشەوە، گرینگی و بایخ پێدان بە بیر و ئاوەزگەرێتی و بۆچوونی کارکردی و واقیعگەرایی، رەنگدانە ەوەیەکی بێ ئینکاری لە فەلسەفەی یۆنانی تا هێگێل و هیتر بە جێ هێشتووە، بە شێوەیەک کە نیچە مرۆڤی ( بەرتەر )ی لە زات و دەروونی ئەو پیاوە مەزنە ە دۆزیوەتەوە و بە جیهان ناساندویەتی.
روناکی و نوور یەکێکێکی لەو باس و بابەتە فەلسەفیانە ەی ئەو ئایینە ەیە، بە تایبەتی عیرفانی ئێرانی لەو بەستێنە ەدا کاردانە ەوەیەکی زۆری هەبووە.
شێخ سۆرەوەردی، بووژێنە ەرەوەی حیکمەتی ئەشراقی زەردەشتی دەنووسێت: ((یەکەمین نە ەتیجە لە (نورالانوار) تاکە و ئەویش نووری مەزنی نزیك (نورالاقرب العظیم) ە، کە هەڵبەت لەلایەن پێشینیان بەعونسوورِی ئەوەڵ دەناسرا.)) (زردشت پیامبر ایران باستان- هاشم رضی- ل١٦٨)
راڤەکاری(حکمەالاشراق) واتە، قووتبەددین شیرازی چوار سەدە لەمەو بەر، بەوشێوەیە رای خۆی دەردەبڕێت: ((زەردەشت دەفەرموێ، سەرەتاییترین شتێك کە ئەهورامەزدا خولقاندوویەتی بەهمەن (هێمای نوور) ە،... هەر ئەوەش لەلایەن ئیمامی هەشتەم بە حەدیسێك ئاماژەی پێکراوە: هەرکات رەسوڵی خوای بەچاوی دڵ تماشای خوای دەکرد ئەوی لەبازنە ەیەك لەنوور و بە وێنە ەی نوور بینیوە کەپەردووی بەسەر داکێشراوە،... ئینجا لەریوایەت و گێڕاوەیەکی دیکەشدا هاتووە: خوا بریتیە لە حەفتاوحەوت داپۆشی پڕ لە نوور کە ئەگەر بێت و ئەو حیجابانە ە وەلابنرێن، هەر کەسێك چاوی پێبکەوێت، جوانی سیمای خوا، دەیسووتێنێت،...)).(هەمان سەرچاوەی پێشوو-١٦٨ -١٦٩)

## رۆڵی ئاگر لە ئایین و فەلسەفەی زەردەشت

ئاور ( ئەهور – ئاهور – ئاهر – ئاهیر – ئاتر – ئاگر – ئازەر ) لەناو بۆچوونە ەکانی ئایینی زەردەشت و بگرە پێش لەدایکبوونی زەردەشتیش لە ناو کوردەکان و مادەکان، پلە و بایەخێکی زۆری هەبووە، لە حەقیقەتدا ئاگر لە باوەڕی کورد و زەردەشتیەکان، رەگەزێکی پیرۆزی هەیە.

لەپێش هەموو شتێك وەك سەرەتایەك پێویستە ئەو راستییە بخەینە ەروو کە زۆربەی خەڵکی ئاسایی، تەنانە ەت مامۆستایانی ئایینی ( ئیسلامەتی )، لەو باوەڕە چەوتە دان کە ئایینی زەردەشت بە ئایینی ئاگر و زەردەشتیەکان و ئاگر پەرەست یا خود گاور و بە شرۆڤەی ( قورئانی پیرۆز) مەجووس دەزانن؛ بە واتایەک، وای لێتێگەیشتوون یان هەر لێی تێنە ەگەیشتوون، سەرەڕای ئەوەش بیر و ئولی زەردەشت بە دووالیزمی و دووانە ەپەرستی تەنانە ەت دووخوایی دەناسن و بەردەوام لە چەواشەکردن و تاوانبارکردنی زەردەشت و ئایینە ە پاگژیەکەی، راناوەستن، جا بە وتە و گوتاری پچڕپچڕ و دوور لە راستی و تێنە ەگەیشتووی، لەو چەشنە ە دیاردە گەلە ناراستیانە ەیان بە زەردەشتەوە لکاندەوە و گەلێک بۆچوونی ناحەز و ناشیرینیان وەپاڵ ئایینی زەردەشتی ناوە. هەڵبەت لەو راستیە مێژووییە ناتوانین نکووڵی بکەین لەسەردەمی ساسانیەکان بەتایبەتی کۆتایی ئەو زنجیرەیە ، دیاردەی خراپ و ناحەز هاتوونە ەتە گۆڕێ بەڵام دینی رەسەنی زەردەشت هەر لەسەر جێگەورێگەی خۆی ماوەتەوەە. دیارە ئەوو قسەی ئەگەر غەرەزی تێدا نە ەبێت لە رووی نە ەزانینە ە،چونکە فڕی بەسەر هیچ راستییەك نییە.

---

بەچاوخشاندنێك بەسەررمێژووی ئیسلامی عەڕەبەکان، وێدەچێ یەکەم کەس کە زردەشتییەکانی بەفەرمی و نووسراوە، بە ئاگر پەرست زانیوە، جەنابی عومەر کوڕی خەتتابە. ناوبراو کەپاشایەتی عەڕەبەکانی بەدەست گرتبوو، پاش سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی نامەیەکی پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشە بۆ یەزگەردی کورد (ئاخرین پاشای ساسانییەکان) بەڕێدەکات، دوای ئەوەکە سووکایەتیەکی زۆر بە ئێرانیەکان و بیروباوەڕی زەردەشتییەکان دەکات ،بە شان و باهۆی ئیسلامی ئەوان دا دێتەخوار، داوا لە یەزگەرد دەکات دەست لە ئاگر پەرستی! و شرك هەڵبگرێت و ئەڵڵا بپەرستێ، لەو نامەیەدا جەخت دەکاتەوە ئەگەر لەو دیاردە و دینە ە دەست بەر نە ەدات و لەسەر بیروباوەڕی ئەوان موسڵمان نە ەبێت و خۆی رادەستی عەڕەبەکان نە ەکات ئەوا لەگەڵ بریقە و تیژی شمشێری موسڵمانە ەکان رووبەڕووەبێتەوە و وڵاتەکەی داگیر دەکرێت و .... دیارە یەزگەردیش پاش سەرسووڕمان لەوەیکە ئەعڕابییەکی تازەپێگەیشتوو لەلایەکەوەخۆی بەرامبەر بەو داناوە و لەلایەکی دیکەشەوە بەو شێوەیە لەنامەکەیدا دەدوێت و ئەو شتانە بەم جۆرە دێنێتە بەرباس و خۆی هەڵدەسووڕێنی،وەڵامی دەراوەکانی بە پوختی وبەتووندی دەداتەوە. پاشای ئێرانییەکان، دوای ئەوەیکە هەژاری و سەربەداوێن بوونی ئەوان بەئێرانییەکان وەبیر دەخاتەوە و ئاماژەپێدانێکی گشتی بەمێژووی سامیەکان و ئارياييەکان دەدات،لەوەڵام دا دەنووسێت:((زۆر جێگای داخە کەسێك رێبەرایەتی گەلی موسڵمانی گرتۆتەدەست کە ئاگاداری و زانیاری لەسەر دراوسێیەکەی نی یە وبیر و باوەڕی ئێرانیەکان ناناسێت و لە مێژوو هیچ نازانێت و لەگومڕایی دایە.)) یەزگەرد بەدوای لێدوانێکی زۆر،دەڵێت: نەتەوەی ئێرانیەکانی ئاریایی کە خاوەن فەرهەنگ و مرۆڤایەتیەکی هەزارن ساڵەیە ئاگر پەرست نی یە و بەهیچ کلۆجێ سەر بۆ ئاگر و شتی تر شۆڕ ناکاتەوە بەڵکوو ئاگر هێمای ئەهورامەزدایە (کە ئێوە نێوتان لێناوە ئەڵڵا)، ئاگر روناکی و پاکی و ئەوگەرماییە کە ئیمان و هەستی مرۆڤی ئێرانی لەبارەگەی ئەهورامەزدا، دەبووژێنێتەوەو دژ بە تاریکی و گومڕایی و ئەهریمەن دەوەستێت، ئاگر خوڵقێندراوی مەزدایەنە ە خود ئەهورامەزدا.

---

«رێز و سپاس بۆ تۆ ئەی ئاگری ئەهورامەزدا، رێز دەگرم لەو روناکیە پاکە،هێزمان پێ ببەخشە تا بتوانین باشترین ئەندێشەی چاك و کردەوەمان هەبێت،یارمەتیمان بدە تا لە درۆ و ناراستی و ناحەزی دووری بکەین و... تا بەڵکوو شیاوی پەرستشی ئەهورامەزدا بین».
راستیەکەی ئەوەیە کە، عەڕەبەکان، لە لایەکەوە، بۆ سووک کردن و لە نێوبردنی ئەم ئایینە ە پیرۆزە و راستەقینە ە، لەم ووشەیە کەڵکی بە هەڵەیان وەرگرتووە و ئامانجیان بە هەڵەدابردن و پڕوپەشێوکردنی ئەم ئایینە بووە و لە لایەکی دیکەشەوە، موسوڵمانە ە ناعەڕەبەکانیش لەو

گێژاوە کەوتوون کە وەک عەرەب و بە داخواست، لە بەستێنی فیکری، ئەوان، بیربکەنەوە، باشتر بڵێین لە فەرهەنگ و داگیرکاریەکانی عەرەب و سامی بەرگری و داکۆکی بکەن.

هەر چوار جەوهەری پێکهێنەری بوون، ( ئاگر، با، خاک، ئاو ) لە ناو فەلسەفە و بۆچوونی زەردەشتی پیرۆزن.

ئاگر لە درێژایی مێژووی مرۆڤ بە گشتی و ئارییەکان بە تایبەتی ڕێزی لێ گیراوە، ئاگر سەرچاوە و دیاردەی پاکی و خاوێنیی و ڕۆشنایی بووە، ئاور لەناو دەقەکانی ئاڤێستا، بە یاریدەدەری سپەنتامینوو و دوژمنی ئەهریمەن و دێوەزمەکان دەناسێنرێت، هەر پێنج کاتی شەوانە ڕۆژ بە هەڵگیرساندنی ئاگری پیرۆز لە ئاگرخانە ە کاندا، ڕاز و نیاز و نوێژ لە لایەن موبەدەکان بە جێ هاتووە.

ئایا هیچ بیریان لەوە کردۆتەوە کە لە قورئاندا خوایەکەیان؟ سوێند بە ڕۆژ و خۆرو نوور دەخوات کە یەکێ لە هێما و موشتەقاتی ئاگر و ڕووناکییە. ( والنهار إذا تجلی )، ئایا لەوە تێگەیشتوون کە ( والشمس و ضحاها و القمر إذا تلاها * والنهار إذا جلاها ) ئەم ئایەتە، لێکدانەوە و جۆرە خوێندنەوەیەک لە بۆچوونەکان و ئایینی زەردەشت و گاورەتییە! ئایا دەزانن، سورەیەک بە ناوی ( الشمس ) و سورەیەک بە نێوی ( الفجر )، لە قورئاندا لە ئارا دایە، ئایا ئاگاداریان بەسەر ئەوەدا نییە و نە دیانبینیەوە کە موسا لەگەڵ نوور و ئاگر کە کلکەنما و سەمبوولی خودا دەناسرێن، دیدار و هەڤپەیڤینی کردووە، ئایا ... ؟ گەر قورئان بۆ خۆی زەمی ئەو کەسانەی کردووە ؛کە قورئان بەوردی ناخوێننەوەو بیری پێنادەن و هەروا بەسەریا ئەڕۆن. (أفلایتدبرون القران أم علی قلوب اقفالها)-محمد/١٢٤

---

«ئایا هیچ تێنافکرن لەم قورئانە؟یان ئەوەیە دڵیان قوفڵی لێ دراوە و داخراوە.»

---

لە گاتاکاندا ( یەسنا – هاتی ٤٣- خاڵی ٩ ) هاتووە کە (( ئاگر هێمای ئەهورامەزدایە )).

کە آن نور(روشنی آتش) از نورهای خداست

کزانگونە رخشان بەپیش نهاست

لە بڕگەی "فەروەردین یەشت" و "هورمزدیەشت"دا بەم جۆرە نووسراوە ((جەستەی خوا لەنوورە و دەروون و ڕەوانی ئەو زاتە لە ڕاستی.))

ئەهورامەزدا خۆی لەخۆیدا ڕوناکی نوورەکان (نورالانوار) ە. لەعیرفانی ئیسلامی، چەمکی"نورالانوار"ی حیکمەتی ئەشراقی و فەلسەفەی ئەسحابی نوور، هەمان زاتی(واجب الوجود)ە.

لەناو قورئانی پیرۆزیشدا خوا بەچەشنی نوورێکی ڕەها و موتڵەق شرۆڤەدەکرێت،«الله نور السموات والارض» هەر ئەو دەستەواژەیە بەروونی لەئاڤێستادا بەشێوەی«ئەتەغرەرەئوچەنگە» واتا، نور و ڕۆشنایی موتڵەق و بێ پایان هاتووە.

بێ شک هەڵوێستی زەردەشت و کوردەکان، لەمەڕ ئاگر و ڕووناکی، ڕوون و ئاشکرایە و جێی هیچ قسەوقسەڵۆکێك نییە، لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ڕێز و حورمەتی ئێمە بۆ ئاگر و ڕۆشنایی، هیچ گومان و چەواشەییەک بە خۆوە هەڵناگرێ. بانگەوازەکەی زەردەشت بۆ ڕێز گرتن لە ئاگر، بە مەبەستی ستایش کردن و ڕێزلێنانە ە، نە وەک پەرستش و کڕنۆش کردن، لەو لاشەوە، ئاگر جێنشینی ئەهورامەزدا، نە وکراوە، کە شیاوی پەرستش بێت، بەڵکوو، ئاور، دیاردە و خوڵقێندراوێکی پاک و بە هێزە لە لایەن ئەهورامەزدا.

بە پێویستی دەزانین سووکەئاوڕێک بدەینە وە سەر بۆ چوون و لێکدانە وەکانی ئەهورامەزدا لەمەڕ ئاگر.

لە ئاڤێستا و دەقە پیرۆزەکانی گاتاکاندا، لە ئاگر ڕێزگیراوە و گوتراوە کە هێمای ئیزەدە، نە ە خودی ئیزەد.
بە سەرنج دان و تێبینی، ڕوون دەبێتەوە کە بەو ڕستە و واژانە ە لە بارەی ئاگر قسە کراوە.

"لەئاگر ڕێز دەگرم، چونکە خولقێندراوی ئەهورامەزدایە" .
"تۆ، هۆی ئاگری ئەهورامەزدا ... " .
"تۆ، ئەی نزیکترین ( ئیزەد ) بە ئەهورامەزدا ... " .
"گەورەترین وەدیهێنراوی مەزدا و نزیکترین خولقێنراو بە ئەهورامەزدایە " .
"سڵاو و ڕێز بۆ تۆ، تۆ هۆی ئاگری ئەهورامەزدا ... " .
"ئێمە، بەر لە هەموو شتێک، ئەی ئەهورامەزدا، ئاوری تۆ ستایش دەکەین " .
"ڕۆژی نۆهەمی هەر مانگ، بە ڕۆژی ئاگر، ناودێر کراوە " .

( دامستتر-خاڵی ٤-برگەی ١١-ڤێندیدا – لاپەڕەی ٢٠١ )
بێگومان، ئەو دەقە کورتانە ە، بە باشی ئەو بۆچوونە ە هەڵەیەی پێشوو بەرپەرچ دەداتەوە.
کورد لە سەرەتای مێژووی دێرینی خۆیدا، هەمیشە ئاگر و ڕۆشنایی خۆش ویستووە، هەمیشە دڵیان پێ کراوەتەوە، هەر تا ئەو سەردەمەش، خانوو بەرەکانیان بەرەو ڕۆژ دروست دەکەن. هەر ئێستاش بە ئاگر و نوور و ڕۆژ سوێند دەخۆن.
کورد پێش چاخی زەردەشت، میترائی و ڕۆژپەرست بووە، واتە، چۆن ڕۆژ، سەرچاوەی ڕۆشنایی و پاکی بوو، لایان بەڕێز و خۆشەویست بووە، تا ڕادەیەک کە بە ناوی ڕۆژپەرست ناوبانگیان دەرکردووە.
مانایییەکان ڕۆژپەرست و موغەکان ( قورئان گوتەنی مەجووسەکان )ی کورد، خاوەن هێز و دەسەڵاتی ئایینی- سیاسی، ڕۆژپەرست و دوایی ئاگر پەرست بوون، تەنانە ەت هێرۆدۆت دەڵێت:
(( موغەکان ئاگر پەرەست بوون )) .
کەوایە، بەوە دەگەین کە لە پلەی یەکەمدا، کورد و زەردەشتیەکان وێڕای ئەوەیکە ڕێز و حورمەتێکی زۆریان بۆ ئاگر داناوە، ئاگرپەرست و گاور و مەجووسی! نە ەبوون و نین، لە پلەی دووهەمیشدا، ئەگەر ئاوڕ بدەینە ەوە سەر مێژووی نە ەتەوەکانی‌تر، بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە، فەلسەفەی بیری کوردەکانی زەردەشتی لەسەر نە ەتەوە و ئایینە ەکانی‌تر لەم بارەوە، دەبینرێت هەر ئەو فەلسەفە ڕاستیە کە، ئاگر لەگەڵ ئەوەیکە، جەوهەرێکی خاوەن ڕەگەز و گەوهەرێکی خاوێن کە ڕەووشە، هێمای پاکی، گەرمی و ڕۆشنایی و زانیاری و لەیەک وتەدا، سپەنتامینوویە، دژی تاریکی، ناحەزی، خەزانی و خراپەیە.

هرآن چیزی که عیان است
چو عکسی ز آفتاب آن جهان است
جهان جمله فروغ نور حق دان
حق اندر وی ز پیدایی پنهان

تەورێکی دیکە، کە بۆتە مایەی هەڵە ویەڵە، ئەوەیە، کە، زەردەشتیەکان بە دووانە ەپەرستدەناسن و وای بۆ دەچن کە، زەردەشتیەکان ئەهریمەن ( یا بە قەولی خۆیان، شەیتان ) بە شەریک و برابەشی خوا دەزانن!
بۆ تێگەیاندن و ڕوونکردنە ەوەی ئەو کەسانە ە، هەوڵدەدەین کە ئەو بۆچوونە ە، زۆر بە کورتی ڕەت بکەینە ەوە.

راستە ئایینی زەردەشت لەسەر دوو کۆڵەکە و کاریتەی سەرەکی، ئەهورامەزدا و ئەهریمەن دەور دەخوات ، بەڵام دەبێت سەرنج بدەینە ە سەر ئەو راستیەش کە لە لایەکەوە دووانە ە پەرستی بە مانای ستایش و پەرستشی دوو، خودای دژ بە یەکە، وەک خوای زانست و خوای نە ەزانی، خوای ئەوین و خودای شەڕ، خودای تەندروستی و خوای نە ەخۆشی و کەساسی، ... لە لایەنێکی دیکەوە، وەک رۆژ روونە ە کە ئەو بۆچوونە ە، لای زەردەشتیەکان نیەیە، ئەوان ئەهریمەن بە هێزێک دەزانن کە لە دەرئەنجامی مرۆڤایەتی و راستی، تێک دەشکێت و رەوان و بیر کردنە ەوە و ئەندێشەی چاک، بەسەر بیر و ئەندێشە و کردەوەی خراپ، زاڵ دەبێت کە وایە، دەگەڵ ئەوەیکە، ئەو واقعیەتەی خراپە و جەوهەری گەندەڵی و دژ بە رووناکی دەسەلمێنن، لەگەڵیدا خەبات دەکەن و لێی دوور دەکەونە ەوە؛ جگە لە دەربڕینی رق و نفرەت، لەو باوەڕە دان کە لە ئاکامدا تێکدەشکێت.

بە شایەتی ناوەرۆکی گاتاکان، ئەشو زەردەشت هەڵوێستی روون و ئاشکرای بەرامبەر بە شرک و کوتەڵ پەرستی و چەند خودایی نواندووە، ئەو بانگەشەی ئایینی تاقانە ە پەرستی دەکات، لە هەموو گرینگتر ئەوەیە کە، زەردەشت کۆسپ و تەگەرەکانی سەر رێگەی یەکتاپەرستی، تەخت کرد و هەموو ئیزەدەکانی ئاڤێستایی، خستە ژێر دەسەڵات و فەرمانی ئەهورامەزدا.

تاکە خاوەن دەسەڵات و زاتی بەپێز و خوڵقێنە ەر، ئەهورامەزدا، لە قەڵەم دراوە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا چاکسازیەکی بە نرخ و شۆڕشێکی هەژێنە ەرانە ە، لە بۆچوونە ەکانی سەردەمی ئاڤێستا و چاخی پێش زەردەشت دەژمێردرێت.

بە جورئەتەوە دەڵێین، لەو بارەوە کە زەردەشت تاکی بێ وینە ە، یەکتاپەرەست بووە ودینی زەردەشتی، ئەم بۆچوونە ە نوێیەی برە و پێداوە هیچ گومان و دڕدۆنگیەک ناتوانین بخەینە ە دڵمان.

زەردەشت بەم شێوەیە لە زمان ئەهوراموزدا، بەرپەرچی قسەی ناڕاستی نە ەزانە ەکان دەداتەوە:
(( ... هەر ئێستا ، ستایش دەکەم و دەپەرەستم، خودایەکی کە مەزنترینە ە، کە خوازیاری چاکەیە بۆ خوڵقێندراوەکانی، کە ئەهورامەزدایە و دەخوازم من لە باشترین و پڕکاکڵەترین زانیاری و ماریفەتەکان ئاگادار بکاتەوە و ... )) .

خوێندنە ەوەی زۆربەی مێژووناس و رۆژهەڵاتناسەکان، بە تایبەتی پسپۆڕانی ئیسلامی و رۆژئاواییەکان لە سەر ئەو پایە دێتە روو کە گشتیان " ئەهریمەن " لە روانگەی زەردەشتی، وەک " شەیتان " لە ناو ئایینە ەکانی ئیبراهیمی بە تایبەتی مەسیحیەت و ئیسلامەتی دادەنێن، دیارە هەر لەسەر ئەو گریمانە ە و دانە ەبەر هەڤی ئەو دووانە ە لێکدانە ەوەی لەمەڕ دەکەن، هەر بۆیەش کەوتوونوتە ناو چاڵاوی نە ەزانی و دوور لە راستی دەپەیڤن !

ئەوە قسەی تێدا نیەیە کە، ئەنگرەمینوو ( ئەهریمەن ) لەناو دینی زەردەشتی و بۆ چوونە ەکانی ئاڤێستا، جیاوازییەکی بنچینە ەیی هەیە لەگەڵ ئیبلیس و شەیتان لە ناو ئایین گەلیتر.

بە پێچەوانە ەی ئایینە ەکانی دیکە، ئەهورامەزدا خوڵقێنە ەر و بەدیهێنە ەری ئەهریمەن و ناحەزی و رەش و خراپە نیەیە ( وەک لە ئیسلامدا وەبەر چاو دێت )، بەڵکوو خوڵقێنە ەری ئەندێشەی مرۆڤ گەل و خودی مرۆڤە. لە کاتێکدائەهریمەن لە دایکبووی ئەندێشە و کردەوە و قسەی خراپی مرۆڤەکانە ە. لەو رووەوە کە ئەهوراموزدا خوای چاکەیە، ئەهریمەن خوای خراپە نیەیە، چونکوو بە هیچ کلۆجێ، بۆ ئەهریمەن ستایش و کڕنۆش ناکرێت، بەردەوام داخوازی و دوعای شکست و تێداچوون و نفرەتی لە پشتە.

شەیتان لە روانگەی ئایینی سامی و ئەو جۆرەی کە لە قورئاندا وەدیار دەکەوێت، بەرانبەرەکەی خودایە، بەڵام ئەهریمەن لە فەلسەفەی ئایینی کۆنی کوردی، یەک لەوانە ە زەردەشتی، نە ەک لە هەمبەر خودا، بەڵکوو بەرانبەر بە بۆچوون وئەندێشەی خراپی مرۆڤە. لەبەر ئەوە ناشێت و راستیش نیەیە کە ئەم دووانە ە و وەک یەک تماشا بکرێن.

یەکێ لەگرنگترین فاکتۆرەکانی فەلسەفەی زەردەشتی، هەڵدەگەڕێتەوە سەر ئەهورامەزدا و ئەهریمەن،لەزۆربەی هەرەزۆری ئایینەکانی سامی رەگەز و هی تر،ئەڵڵا،یەهووەو... خۆی خولّقێنەری ئیبلیسە،واتەراستەوخۆ ئیبلیس و دەست و پێوەندیەکانی، گرێدراوبەوەش،دیاردەگەلی شەڕوخراپەوناڕاستی،لەلایەن خوای خولّقێنەری شەیتان و ئیبلیس دێتەدی،لەو ئایین گەلەدا پاش دیالۆگێکی شانۆیانە ە، شەیتان بەرانبەر بەخوا دەوەستێت و سەربزێو دەبێت و بەهەڕەشەکردن لە خوا لەفەرمانی دەردەچێت، بەڵام لە جیهانبینی و بۆچوونە ە فەلسەفییەکانی زەردەشتی، ئەهورامەزدا هاوکار و داژداریکاری ئەهریمەن ناناسرێت، چۆنکە داهێنە ەر و خولّقێنە ەری ئەهریمەن نییە و مەزدا چاکەی رووت(خالیس) ە. کە وایە لەم بارەوە ئەهورامەزدا لەگەڵ نیشانە ەی پرسیار و سەرسووڕمان رووبەڕوو ناکرێتەوە.
بەرەچاوکردنی پرەنسیپی ئیختیار و سەربەستی مرۆڤ، بۆمان مسۆگەر دەبێت کە لەمەڕخراپە و کردەوەی ئەهریمەن نەتەنیا ئینسان وەك مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە بەرپرسیارە، لەرووێکی دیکەوە ئەوە وا دەکات ئایینی زەردەشتی لەو پرسیارە کۆنە ە کە هەمیشە لەئارادا بووە(خوای خاوەن دەسەڵات و بەتوانا بۆ لەشەڕ و خراپە بەرگری ناکات و خۆی خولّقێنە ەری گومڕایی و ئەهریمەنە ە؟) جیا بکرێتەوە و زاتی بێ وێنە ە وبەهێزی تاپۆ دەکرێت و دەسەلمێندرێت.
( سپەنتامینوو، ئەنگرەمینوو ) کە لەسەرەتای دروستبوونی جیهان بە شێوەی دووهێزی دژ بە یەک، لە ئەندێشە، کردەوە و قسەدا، سەرهەڵدەدات، کە یەکیان چاکەیە و ئەوی تریان خراپەیە (گاتاکان – بڕگەی ٣٠ – خالّی ٣ )، لە لایەکەوە ئیزەدی بالا، سمبۆلەکەیەتی و بەرجەستەبوونی راستی و رووناکییە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئیزەدی رووڕەش و ئەهریمەن، هێمایەتی و نزم بوونی درۆ و تاریکییە.
بە کورتی و بە زاراوەیەکی فەلسەفی دەشێت بڵێین، دینی زەردەشتی لە شکڵی تێزوئانتی تێز هاتۆتە ئاراوە، لە حاڵێکدا، دینە ەکانی‌تر لە چەشنی سەنتێز بەرهەم هاتوون.
رێزدار هاشم رەزی، نووسەری بەناوبانگی ئێرانی، لە پەڕتووکی (زرتشت پیامبر ایران باستان)ا دا، ئاوا دێتەئاخافتن: ((گرنگترین پرەنسیپ و کۆڵەکەی ئایینی، کە زەردەشت، خستوویەتیە پێش ڕێڕوانی، تاقانە ەپەرستی ئەخلاقی بووە، زەردەشت بە زبر و زەنگیەکی تەواو، دڵێکی قورس، پەرستنی خوا گەلی جۆراوجۆر و هەڵیت و پەڵیتی بێ بایخ و داب و نە ەریتی چەوت و پوخڵەواتی نا ئەخلاقی و نامرۆڤانە ەی رەت دایەوە))
لە راستیدا، لە رووێکەوە، رێگەی بۆ رۆڵگێڕانی ئیزەدەکانی ئاڤێستایی پێش خۆی تەخت و تەکوز کرد و لە رووێکی دیکەشەوە تەقانە ە پەرستی و مرۆڤایەتی هێنانە ە کایەوە.
تەواوکەری ئەو قسەیە، ئەوەیە کە، زەردەشتی کورد، وێڕای باوەڕ پێدان بە دوو هێزی سەرەکی و ناتەبا، وجوودی دو خوای خاوەن دەسەڵات و لە یەک ئاستی، رەت دایەوە و مەزهەبی لە تەوحید و یەکتا پەرستی نزیکتر کردەوە، بە بێ هیچ دڕدۆنگێک، تێفکرین و خوێندنە ەوەی گاتاکانی پیرۆزی زەردەشت ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت.
*جەژنەکانی زەردەشتی*
فەرهەنگ و دین، بیر و باوەڕی هەر گەل و نەتەوەیەك، لەناخ و ناوەرۆکی جەژن و هۆیەکانی ئەم نەتەوەیە بەروونی دەبینرێت.گومان لەوە دا نی یە،گەورەترین و قووڵترین دیاردەی هەر دین وئاینێك کە لە ناخی جێژن و ماتەمینەکانیان بەزەقی خۆی وەدیار دەخات و بەرجەستە دەبێتەوە یەکێ تر لە هەرە تایبەتمەندیەبەنرخەکانی ئەو دینە دەناسرێت.
لە بۆچوونەکانی زەردەشتی جێژن،پلەوپایەیەکی بەرز و گرینگی هەیە،شادی و کەیف خۆشی و گەشاوەیی بەپێچەوانەی ئایینەکانی ئیبراهیمی و سامی،نە تەنیا ناپسند و مەکرووە نازانرێت بەڵکوو لەگەڵ ئەوەیکە ویست و خوازراوەی ئەهورامەزدایە بگرە هۆی خێر و پاداشتی جۆراوجۆرییش دەنرخێندرێت.

جێژنی زەردەشتییەکان وێڕای ئەوەیکە مایەی سەرخۆشی و کرانە ەوەی دەروون و شادی بەخشە، وەك دابی سوپاسگوزاری و رەوتێکی نەتەوەیی- ئاییینی بەئەژمار هاتووە. دیارە شێوەی ژیان و کەش و هەوا و ناوچەی جوگرافیاییش کارتێکردنێکی پتەوی لە مەڕ دیاردەی جێژن داناوە.
جێی باسە یەکێ لە تایبەتمەندیەکانی هەرەگرنگ و پڕواتای ئەو دیاردەیە کە لە ناو نەتەوەکانی تر وەبەرچاو نایەت ئەوەیە کە، ئەو کاتەی ناوی رۆژ لەگەڵ ناوی مانگ ببنە یەك، ئەو رۆژە(بەفاڵی نیك) دەگرن و جەژن بەحیسێب دێت، بەزاراوەیەکی دیکە بۆ هەر رۆژی مانگ، ناوێکی تایبەتی تەرخانکراوە کە هاوتای ناوی مانگەکانە ە، بۆ وێنە ە رۆژی شەشەمی هەرمانگێك بە خوردادرۆژ ناودێر کراوە، کە وایە شەشەمین رۆژ لە مانگی خورداد کە ناوی خوردادە، دەبن بەیەك و ئەم رۆژ جێژن چێدەکرێ.
بەو پێیە، زەردەشتییەکان لەماوەی هەرمانگ، جێژنێکیان دەبێت، ئەوجا لە ماوەی دوازدە مانگی ساڵدا دوازدە جێژن دەگرن و هەر جێژنێکیش تایبەتمەندی و ناوی تایبەت بەخۆی پێوەدیارە و لە سەر بابەت و تەوەرێکی جیاواز و پێویست دێتەدی.
جەژنی سەدە،چوارشەمەسووری، تیرگان، مێهرەگان، نە ەوروز، رۆژی ژنان و ... لەم دەستە جێژنانە ەن. سێ جەژنی سەرەکی و زۆردێرین و بەنرخی زەردەشتییەکان مێهرەگان، نە ەورۆز و چوارشەمەسووری دەناسرێت، کە بەچەشنێکی بەربڵاو و بەردەوام هەر ساڵ پیرۆز دەکرێت.

«««کۆتایی»»»

شیکردنە ەوە:
١- پێشگرێک بۆ رێز لێنان لە زەردەشت کە لە لایەن ئەهورامەزدا تەنیا بەو بەخشراوە.
٢- کەوی، ناوی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارەکانی سەردەمی زەردەشتە کە لە ئاڤێستادا ئامازەیان پێدراوە، لەم وشەیە گەلێک ووشەی کوردی وەک کاک – کاوە و ... لێ بۆتەوە.
٣- کەر پەن، ناوی مامۆستایان و کاربەدەستەکانی ئاییینی سەردەمی ئەشوو زەردەشت .
٤- ئمشاسپەند، نوێنە ەر و فریشتەکانی ئەهورامەزدا، ئیزەدە موقەددەسەکان

سەرچاوەکان :


١-تاریخ ایران باستان، دیانونوف،مترجم روحی ارباب
٢-تاریخ تمدن و فرهنگ ایران کهن، دکتر هوشنگ طالع
٣-مێژووی کورد و کوردستان،محەممەد مەردۆخی کوردستانی، وەرگێڕانی،محەممەد سەعید
٤-اَوستا، ترجمه وپژوهش، هاشم رضی
٥-زرتشت،پیامبر ایران باستان،هاشم رضی
٦-آناهیتا،ابراهیم پورداود،به کوشش مرتضی گرجی
٧-زند و هومن سین، کارنامهٔ اردشیر بابکان، صادق هدایت
٨-طلوع و غروب زردشتی گری یا وندیداد،آر.سی.زنر،دکتر تیمور قادری
٩-مجموعه قوانین زردشت یا وندیداد، دارمستتر،ترجمهٔ دکتر موسی جوان
١٠-اوستای کهن،رضا مرادی غیاث آبادی
١١-وندیداد،جلد ١ و ٢ و٣،هاشم رضی

جەلال حاجی زادە

